گۆڤارا زانستێن مرۆڤايەتی یا زانکۆیا زاخۆ
مجلة العلوم الانسانية لجامعة زاخو
Humanities Journal of University of Zakho (HJUOZ)
Vol. 7, No. 2, pp. 188–206, Jun.-2019
hjuoz.uoz.edu.krd
p-ISSN: 2664-4673
e-ISSN: 2664-4681
journals.uoz.edu.krd

# هەستی بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی لای سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی و پەیوەندیی لەگەڵ سیستەمی بەهایی ئەواندا

**نەسرەدین ئیبراهیم محمد**

بەشی دەروونناسی گشتی، فاکۆلتیی پەروەردە، زانینگەی زاخۆ، هەرێما کوردستانێ – عێراق. nasraddin.mohammad@gmail.com

وەرگرتن: 2019/01 پەسەندکرن: 2019/06 بەلاڤکرن: 2019/06 https://doi.org/10.26436/hjuoz.2019.7.2.493

**پوختە:**

ئارمانجا ڤەکۆلینێ زانین و دیارکرنا هەستا بەرپرسیارەتییا جڤاکی لنك سەرپەرشتیارێن پەروەردەیی و هەبوونا پەیوەندییا وێ دگەل سیستەمێ بەهایێ وان ل دەڤەردارییا زاخۆ، و زانینا ئاستێ جیاوازی دناڤبەرا وان دا و لدویڤ گۆڕاوێن ڤەکۆلینێ لسالا خواندنا (2017/2018)، بوویە. سەمپلێ ڤەکۆلینێ پێکدهێت ژ (25) سەرپەرشتیارێن پەروەردەیی لسنوورێ وێ دەڤەردارییێ، و بۆ ڤێ مەبەستێ ڤەکۆلەری دوو پیڤەرێن (التك،2004) بۆ پیڤانا هەستی بەرپرسیارەتییا کۆمەڵایەتی، و پێکهاتی ژ (48) برگا، و هەروەسا پێڤەرێ (عبدالله،2015) بۆ زانینا سیستەمی بەهایێ ئەوان بکارئینانە کە پێکدهات ژ (68) برگا، و گەهشتە ڤان ئەنجامێن خوارێ: هەبوونا ئاستەکێ بلند و بەرچاڤ د هەستا بەرپرسیارەتییا جڤاکیێ لنك سەمپلێ ڤەکۆلینێ و ئاراستەکا ئەرێنی د سیستەمێ بەهایێ واندا، و هەروەسا نەبوونا ئاستەکێ ب رامانا جیاوازیێ دناڤبەرا وان لدویڤ زۆربەیا گۆڕاوێن ڤەکۆلینێ.

**پەیڤێن سەرەکی:** بەرپرسیارەتییا جڤاکی، سیستەمێ بەهایی، سەرپەرشتیارێ پەروەردەیی.

## 1. پێشەکی

### 1.1. کێشەی لێکۆلینەوە:

هەندێ جار تێگەیشتنی جیاوازی سەرپەرشتیاران لە دامەزراوەیەکی کارگێڕیدا، و لە بارەی ژینگەی واقعی و سروشتی لە لایەك و ژینگەی سایکۆلۆژی کارمەندانی ئەو دامەزراوەیە دەبێتە هۆکاری هەڵە و جیاواز تێگەیشتنی لە راستییەکان و ناراستیەکان، و لە ئەنجامدا کاریگەری نەرێنی دەکاتە سەر ئاستی کاری کارگێڕی و رێکخستنی ئەو دەزگایە، و بە خراپە بەسەر کارمەندەکانی دەشکێتەوە (باقر و حمزە، 1984، 98)، وەك چۆن توێژینەوەکانی وەك رێودایل و ئەوانیتر (1964) پیشانیانداوە کە هەڵگرتنی ئەرکی بەرپرسیارەتیی مرۆڤەکان لە ئەرکی بەرپرسیارێتیی کەرەستەکان زیاتر فشار دەخاتە سەر کەسی سەرپەرشتیار(سعید،25،2006). پسپۆرانی وەك شێریف و شێریف (C. Sherif & M. Sherif)، وای بۆ دەچن کە هەبوونی بەها و پێوەری هاوشێوە، کە ئامرازی سەرەکیی رێکخستنی ئەزموون و رەفتارەکانی مرۆڤن، لای هەندێك لەو کەسانە، و دواتر پەسندکردنیان، لە پێناو پەیوەندیکردن بەو گرووپە جۆرە ئاراستەیەکی دەمارگیرانە لای ئەوان دێنێتەگۆڕێ (عبدالله،1989، 90 )، ئەمەو لە لایەکیترەوە ئەنجامی تاقیکردنەوەکانی سەری ساڵی قوتابیانی قۆناغی کۆتایی ئامادەییەکانی هەرێمی کوردستان ئاستێکی زۆر کەمیان پیشان داوە و بە رێژەی ( 36,86٪ ) بۆ بەشی زانستی و نزیکەی ( 34٪) بۆ بەشی وێژەییە، و وەك وەزیری پەروەردەی هەرێمی کوردستان دانی پێدەنێت و بە ئاستێکی نزم وەسفی دەکاتن (سادق، 2017، 17)، وێڕای ئەوەی لە کوردستان پسپۆرانی پەروەردەیی وای بۆدەچن کە پرۆسەی سەرپەرشتیاریی پەروەردەیی بە قۆناغێکی گۆازراوەییدا تێپەڕ دەبێ، و لە سیستەمی هاوچەرخدا ئەو پیشەیە بەپێچەوانەی جاران لە چاودێریکردنێکی سیخوڕانە و سەردانکردنێکی هەڕەمەکیانە دەرچووە، و نەك تەنها بریتی نیە لە دەرکردنی رێنماییەکان بۆ مامۆستایان، بەڵکۆ زیاتر لەوە پاڵپشتی و هاوکاریکردنیانە لە هەڵگرتنی ئەرکی بەرپرسیارێتی (أمين،73،2004)، و وەك بەشێك لە فاکتەرەکە نەرێنیەکانی کاریگەر بەسەر پرۆسەی پەروەردەیی لە دەڤەرەکە، ئەوە دەردەخەن کە ئەو ئاستەی خرابی پەروەردەیی خۆی لە خۆی دا ئاستێکی نزمە و پێویستی بە بەدواداچوون و دۆزینەوەی چارەسەری بە پەلە هەیە بۆ زانینی ئەگەر، و رێگەکانی بەرزکردنی ئاستی دەرچوان و کەمکردنی گلەیی و گازندەی لایەنەکانی پەیوەندار بە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن، و لەسەروی هەمووشیانەوە دایك و باوکان، کە بەشێکی زۆر لە دەرامەتی خێزانەکانیان لەو قوتابیانە خەرج دەکەن. لە لایەکی

ترەوە لە میانەی چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ زۆرێك لە دایك و باوكانە، لە قوتابخانەكانی بنەڕەت لەم دەڤەرە، و وەرگرتنی بیروڕایان دەردەكەوێ كە جۆرێكیێ بۆشایی كارگێڕی پەروەردەیی لە قوتابخانەكانی دەڤەركەدا هەست پێدەكرێت. لەم سۆنگەیەوە كێشەی توێژینەوەكەمان خۆی لەو چەندە دا دەبینێت كە كەمتر توێژینەوە هەیە كە لە سەر ئاستی كوردستان ئەم لایەنەی لە خۆگرتبێ(بە پێی زانیارییەكانی توێژەر)، بۆیەش دەتوانین زۆر ڕاشكاوانە كێشەكە لە تۆی پرسیارەكانی خوارەوەدا كۆرت بكەین:ئایا هەستی بەرپرسیارێتی كۆمەلآیەتی لای سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی لە سنووری دەڤەرداری زاخۆ لە كوردستان لە چ ئاستێكدایە؟ و ئایا لە سیستەمی بەهایی ئەواندا، بەهاكان چۆن ڕیزبەندی كراون؟ و ئایا هیچ جۆرە جیاوازیەكی واتادار لە هەستی بەرپرسیارێتی كۆمەلآیەتی لای سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی و سیستەمی بەهایی ئەوان لەو سنوورەدا و بە پێی بگۆڕەكانی توێژینەوەیە بەدیدەكرێت یان نە؟

### 2.1. گرنگی لێكۆلینەوە:

لە سۆنگەی ئەوەی كە پەروەردە و فێركردن یەكێكە لە سەرچاوە سەرەكییەكانی خۆشگۆزەرانی كۆمەلآیەتی، كە كۆمەلگەی مرۆڤایەتی بەردەوام هەوڵی دەستەبەركردن و بەدیهێنانی دەدات (موسی، 2013، 128)، و لە روانگەی ئەوەی كە هەندێ پسپۆر لە ولآتانی ڕۆژهەلآت لەوبڕوایەدان كە هەستی بەرپرسیارێتی لای هاونیشتمانی ئەو ولآتانە لە ئاستێكی لاواز و نزمدایە، بۆیە پێویستە حكومەتەكانی ئەو ناوچانە هەلّبستن بە ئەركی چاكسازی و چاندنی تۆی ئەو هەستە لە ناخی هاونیشتمانیان، و ئەو چاكسازییە لە ڕێگەی پەروەردە و فێركردن و لە نێو ناخی قوتابخانەكان روودەدات، تا تاك ئەو هەستەی لا دروست و گەلآلە ببێ و ئامانجەكانی كۆمەلگەش زیاتر بێنەدی (فوستر،1994، 7)، و دیارە قوتابخانە یەكێكە لە گرنگترینی ئەو دامەزراوە كۆمەلآیەتییەی كە بەشداری دەكات لە پەروەردەكردنی مرۆڤ و ئامادەكردنی بۆ ژیان و هاوكاریكردنی بۆ گەشەكردن لە هەموو لایەنەكەوە بە باشترین شێوە، و بۆ ئەم مەبەستەش و بۆ ئەوەی قوتابخانە بتوانیێ بە ئەركی ڕاستەقینەی خۆی هەلّبستیێ پێویستی ب هەبوونی توانایی مادی و مرۆڤیی بەرز هەیە تا بتوانیێ ئەركی بەڕێوەبردنی كۆمەلّێك كار لە ئەستۆ بگریێ و بۆ ئەوەش پێویستی بە توانایی كارگێڕی و بەڕێوەبردن هەیە تا هەلّبستیێ بە كارەكانی ئامادەكاری مرۆیی و مادی و ڕێكخستن و ئاراستەكردنی ئەم دەزگایە و ئەو كەسانەی كاری تیایدا دەكەن (ربیع، 2008، 47 " محمد، 2008، 49). لە لایەكیترەوە پسپۆرانی كارگێڕی و بەڕێوەبردن بڕوایان وایە كە دەبیێ خۆدی سیستەمیێ پەروەردەیی ئەركی بەرپرسیارەتی خۆی لە پێشخستنی ئەندامانی لەستۆبگریێ، ئەویش لەڕێگەی ڕاهێنان و ئامادەكردنیان بۆ دیتنی ڕۆڵی خۆیان (الگویل، 1999، 358)، چونكە وەك وایلس(Wiles, K. 1955) بۆی دەچیێ كاتێك كەسێك بەرپرسیارێتی كاری خۆی هەلّدەگریێ سەركەوتنی تیایدا زیاتر دەبیێ (فیول، 1988، 38)، و بە تایبەت كاری سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی، كە بە دیتنی پەروەردەكارانی هەرێمی كوردستان وەك شۆڕشێك وایە(عەبدوّلا، 2004، 85)، و بەتایبەت ئەركی بڕوابوون بە ئامانجە پەروەردەییەكان و بەها و بنەما و نموونەبالآكانی ئەو بوارە، و پەیوەندییە مرۆڤییەكان، و حەز خوولیا و ئارەزووی كاركردن، و هەروەها گرنگیدان بە سایكۆلۆژیای مامۆستا و قوتابی و كۆمەلّگا لە چوارچێوە سیاسەتی پەروەردەییدا (زیدان و السلوم، 1985، 33)، و تەنانەت پسپۆران جگە لەو خالّە گرنگانە پێیان وایە خۆدی بڕوای بە گرنگ زانینی لایەنی بەرپرسیارەتی لای سەرپەرشتیاران و رەهەندەكانی رەوشتی ئەو ئەركە بۆ هەلّسوكەوتكردن لەگەڵ كەسانی ژێردەستیان گرنگ و پێویستە، و ئەوەش تاوەكو بتوانرێت زیاترین ئاستی بڕوابەخۆبوون لایان دروست بكرێت، بۆیە دەبینین ئەوان پێیان وایە دەبیێ سەرپەرشتیاران لە هەوڵی بەردەوامدا بن بۆ خۆپێشخستنی خۆیان لە ڕێگەی فێربوونی میتۆد و تەكنیكی جیاواز و نویێ، و هەوڵی زیاتر بدەن بۆ گەیشتن بەو ئاستە بەرزە ( Herlihy and Corey, w.d., 115)، هەربۆیەش پسپۆرانی پەروەردەیی لەوبڕوایەدان كە ئەوان دەتوانن لەو نێوەندەدا ڕۆڵێكی بەرچاو بگێڕن، بەتایبەت بە بەرزكردنی ئاستی هۆشیاری نەتەوەیی و نیشتمانیان، و ئەوەش بە ڕێگەكانی وەك سەرپەرشتیكردنی مامۆستا و قوتابیان، و هەولّدان بۆ باشتركردنی رەوشی پەروەردەیی و بەرزكردنی ئاستی زانستی مامۆستایان، و چارەسەری گرفتە تایبەتی و كەسایەتییكانیان (جواد،1984، 102)، بەتایبەت ئەو ڕۆلّە لە بۆاری جێبەجێكردن و چەسپاندنی ڕێنماییەكانی سیستەمی تاقیكردنەوەكان و سەردانكردنیان بۆ قوتابخانەكانی ژێر دەستهەلاتیان گرنگ و پێویستە (جەمیل و ئەوانیتر، 2002، 3)، و دەتواریێ ئەو ئامانجانە بپێكیێ.

هەر لەو ڕۆانگەیەوە پسپۆرانی پەروەردەیی لایەنی سەرپەرشتیاری پەروەردەیی بە یەكێك لە لایەنە گرنگەكانی توێژینەوەكانی پەروەردەیی دەزانن، و داكۆكی لەسەر باشتركردن و پێشخستنی شێوازەكانی و چۆنیەتی و جۆری دەكەن (جابر و كاڤم، 1973، 21" البیبتی و یٚخرون، 2014، 116)، و ئەزموونی گەلان و ولآتانی پێشكەوتوو پیشانیداوە سەرپەرشتیاری پەروەردەیی بە جیاوازییەكی كەم یەكێكە لە خالّە هاوبەشەكانی سیستەمی پەروەردەیی لە هەموو جیهان (قەرەنی، 2003، 11)، تەنانەت ئەركی گرنگی چاندنی بەهاكانی وەك هاوكاریكردنی یەكتر، و

فێربوونی خۆدی، و ڕێزگرتن لەو کەسانەی سەرپەرشتیاری فێربوون و ڕاهێنانیانن، وەك ئامانجەكانی سەرەكیی دامەزراوە پەروەردەییەكانە( سعید، 2008، 24)، و تەنانەت بەهاكانی پیشەیی مرۆڤ رۆڵێكی گرنگی لە تێگەیشتن لە گەشەی ئەو تاكە، و ئاستی رەزامەندیەكەی لە كار و پیشەی دا هەیە (لوبینز و سنایدر، 2013، 696).

بە پێی سەرچاوە زانستیەكان هەستكردن ب بەرپرسیارێتی یەكێكە لە گرنگترین بابەتەكانی ژیانی سەردەم و لەهەمان كاتدا سەرەكیترین مەرجەكانی بەڕێوبەرایەتیەكی سەركەوتووانە، چونكە بۆ ئەو كەسانەی لەژێر دەستی بەڕێوەبەرێكی كارگێڕیدا كاردەكەن گرنگە لە ئەوان لایەن ئەو سەرپەرشتیارەوە ئاراستە و ڕێنمایی بكرێن، و تەنانەت ئاگەداری هەندێ لە پلانەكانی بن (الٓحمدی، 1999 ، 68 ، التك،2004 ،6 “ عبدالعزیز،2006، 50)، و بە تێڕوانینی پسپۆران سەرپەرشتیار وەك پێشەوا و ڕێبەرێكی سەركەوتوو جگە لەوەی كە پێویستە ڕێبەرێكی باش بێ، لە هەمانكاتدا دەبێ ڕێبەرێكی بەهێز ( Krech, et al, 1962, 478)، و خاوەن ئەزموونێكی باش بێ لە بۆاری پەروەردەیی و بەڕێوەبردن (الراشدان و جنینی، 1999، 346)، و ئاستێكی بەرزی زانستی و تێگەیشتن لە فەرمانبەران و پێداویستیەكانیان و كاریگەری بەسەریانەوە (الخگیب و ئ‌خرون، 1998، 17)، بێ، تا لە ئاست ئەو پێشەواتییەدا بێ. سەرچاوەكانی زانستی ئاماژە بەوە دەدەن كاتێك كە كەشێكی دیمۆكراسیانەی دوور لە ترس و تۆقاندن لە نێوان سەرپەرشتیاری پەروەردەیی و مامۆستادا، بوونی هەبێ، جێگیری و سەقامگیری زیاتر لە نێوانیاندا پەیدا دەبێ و مامۆستایان زیاتر گوێ لە ڕێنموونەكانی ئەو سەرپەرشتیارە دەگرن و جێبەجێیان دەكەن، و ئینجا ئاستی كار و بەرهەمیشیان زیاتر دەبێ(الفنیش و زیدان، 1979، 141).

پسپۆرانی كارگێڕی لەوبڕوایەدان كە بەرزكردنی ئاستی بەرهەمهێنانی دامەزراوەكان لە بەرزكردنی ئاستی بەرپرسیارەتییە لە ڕێگەی باشترین جۆری بەكارهێنانی كەرەستە و شێواز و تاكەكان، و بەتایبەت لە بۆاری پەیوەندییە مرۆڤیەكان، بەڵام نەك تەنها دروستكردنی هەستی بەرپرسیارەتی لای تاكەكان، بەڵكۆ نەچاركرنیانە بە بەرپرسیاربوونێكی ڕاستەقینە لە كاركردندا (Al-Jarras, 1979, 24)، تەنانەت هەندێ پسپۆر لەوبڕوایەدان هەڵگرتنی بەرپرسیارەتی و خاوەنداری بەها مرۆڤییەكان لە خەسڵەتە هەرە گرنگەكانی پێشەوا و ڕێبەرێكی سەركەوتوویە لە بۆرای كارگێڕیدا (محمود،2014، 69). گرنگی دان بە ئاراستە و بەهاكان وەك ئامانجێكی سەرەكیی پەروەردە لە لایەن (فینكس) داكۆكی لێوە كراوە (محمد سعید و عبدالخالق، 2001، 94). بەرپرسیارێتی و مافەكانی هاونیشتمانیان لە فەرهەنگۆكی نەتەوەیی دا، وەك بەشێك لە قۆناغی ئاوەدانكردنەوەی نەتەوە و لەسەر بنەماكانی دیمۆكراسیەت، پێناسە و دیاركراوە( Rogers, 2007, 163)، و هەڵگرتنی بەرپرسیارەتی كۆمەڵایەتی فاكتەرێكی گرنگە لە بنیاتنانەوەی خێزان و كۆمەڵگەیەكی دروست و دووركەوتن لە بێهۆدەیی و بێ هیوایی و ترس لە داهاتوو(شیمل،1371، 194)، چونكە دامەزراوەكان بۆ ئەوەی بتوانن فەرمانبەرێكی دوور لە ترس و ئاڵۆزی دەروونی پێبگەینن دەبێ كەش و هەوایەكی ئارام و دیمۆكراسی فەراهەم بكەن (محسن، 2007، 81).

فیلیپ جۆنز لەوبڕوایەدایە كە ڕێكخراوی یۆنسكۆ(UNESCO)، هەر لە سەرەتای دامەزراندنیەوە لە (1945) لە میانەی بایەخدانی بە پرۆسەی پەروەردەیی دا گرنگیەكی باشی داوەتە بۆاری فێركردنی شارەزایەكانی ئەكادیمی لایەنەكانی بەشدار تێایدا، تاوەكو بتوانن بە ئاسانی ڕووبەڕووی ئەو كێشە و گرفتانە ببن كە ڕۆژانە بەرەوڕوویان دەبن (Watras, 2007, 57)، و یەكێك لەو خاڵانەی بایەخی زۆری لەو ڕێكخراوەدا هەیە گرنگیدانە بە بابەتەكانی پەروەردەیی و فێركردنی كۆمەڵایەتی وەك هەستی بەرپرسیارەتی گەنجان و قوتابیان، و بەهاكانی كاركردن (نراقی، 1354، 4). و ئەگەر مەبەست لە چەمكی قوتابخانە هەر دامەزراوەیەكی فێركردن و پەروەردەیی فەرمی بیتن كە كۆمەڵگا بە ناو ونیشانی وەك قوتابخانە یان پەیمانگا یان كۆلیژ یان زانستگە یان هەر ناوێكی تر دایمەزراندبێ، بۆ مەبەستی ئەوەیە كە بەهاكانی ڕەوشتی و رۆشنبیری كۆمەڵایەتی و هۆشیاری یاسایی لای ئەوكەسانە بچینێ كە تیایدا فێردەبن(علی،1995، 193)، و پێری ( R. B. Perry, 1954) لە پەرتووكێكی خۆی لە بارەی بەها و شارستانیەت، داكۆكی لە گرنگی بەها ڕەوشتیەكانی مرۆڤ و كاریگەرییەكەی لەسەر گەشەی كۆمەڵایەتی ئەو كەسە و كۆمەڵەی هەڤاڵان و ئاییندەی مرۆڤ و شارستانیەتەكەی دەكاتن (السید، 2001، 265)، و پسپۆران لەوبڕوایەدان كە هاندانی كەسان بۆ پەیوەندی بە ڕێكخراو و كۆمەڵە جیاوازەكان دەبێتە هۆكاری وروژاندنی ئەوان بۆ داهێنان، و هەڵگرتنی بەرپرسیارەتی، و ئەوانەش دەبن بە فاكتەری بەهێز بۆ گەیشتن بە پلە و پایە و ڕێزگرتنی كۆمەڵایەتی بۆیان (الشیبانی، 2000، 228)، بۆیەش لایەنی بەرپرسیارەتی ڕەوشتی سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی بەگرنگ دەزانرێتن (مدانات، 1988، 103). هەندێ پسپۆری دەروونی لەوبڕوایەدان كە بەرپرسیارەتی وەك بەشێك لە دینامیكیەتی كەسایەتی واتای ئەوە دەگەینێ كە دەبێ كەسێك كە لەسەر بنەمای هەڵگرتنی بەرپرسیارەتی پەروەردە و گووشكراوە هەمیشە و لە هەر دۆخێكدا پابەندی ئەو بەرپرسیارەتییە بێ (زیدان، 2008، 128).

لە توێژینەوەكانی خۆی دا، ماكلیلاند(Mcclelland, 1961) گەشەی ئابووری لای هەندێ كۆمەڵگا بۆ كۆمەڵێك بەها دەگرێنیتەوە

کە هاندەری دەستکەوتەکانن. ڤێبێر(Weber,1904) لەو بڕوایەدایە کە بنەما ڕەوشتیەکانی مەزهەبی پرۆتستانتی گرنگی زیاتر بە پێگەیاندنی تاك دەداتن لەسەر بنەماکانی بەها ڕێککارییەکان و بایەخدان بە کارکردن، بۆیە دەبینین ئەو ولأتانە لە ولأتانی کاتۆلیکی پێشکەوتووترن، و بە پێی بڕوای شیمهارا (Shimahara, 1986) ژاپۆن بۆ بنیاتنانەوەی ئابوورییە بەهێزەکەی خۆی پشتەوانی لە بەهاکانی کار و کۆشش و ڕێککاری تاکەکانی دەکاتن (سالم و ئ‌ێخرون، 2012، 83). ئەو بیروباوەرە لەسەر بنەماکانی باوەرەکانی دوو لە چاکسازی پرۆتستانتی، واتە کالڤین و لۆتێر، دەگەڕێتەوە، کە بەناوی ڕەوشتی کارکردنی پرۆتستانتی ناسراوە، و تیایدا کاری هەر کەسێکە ئەو بەها مرۆڤیەیە کە بڕیاری لەسەر دەداتن، و بەتایەت لە بۆاری پەوەردەیی زۆر کاریگەری هەیە بەسەر لایەنەکانی بەشدار تیایدا (أرجایل، 1993، 51). ئەوەیە دەبینین لە ولأتێکی وەك ئەمریکا دا لەگەڵ ئەوەی کە ژیانی تایبەتی و تاکی لایەنەکانی بەشدار لە پرۆسەی کارگێڕی و بەڕێوەبردن بە گرنگ دەزانرێتن ئەوەندەش بڕوا بەوە هەیە کە یاساکانی کۆمەلگا و ولأت لەسەر بنەمای ئەو سیستەمە بەهاییە دانراوە کە تاکەکانی کۆمەلگا تیایدا بەشدارن ( Neubeck and Glesberg, 2005, 116)، و زانایەکی ئەمریکی وەك ئێرنێست دوول تێگەیشتنی سەپەرشتیاری پەروەردەیی لە لایەنەکانی پەیوەندار بە مرۆڤایەتی، ڕەزامەندی لە پیشە و سروشتی بەرپرسیارەتی خۆی، و پابەندی بە بەها و بنەماکانی مرۆڤی بە بەشێك لە خەسڵەتە گرنگەکانی ئەو کارە دەزانیێ(البدری، 2001، 46)، و منمارك و کاری ( MnMarc and Cary,2003) ئاماژە بەوەدەدەن کە زیادەڕۆیی لە ڕێکخستنی کار و ژینگەی کۆمەلأیەتی، و بەتایبەت لە بۆاری سەرپەرشتیاری دا، دەبێتە هۆکاری دروستبوونی نامۆبوون، و تێکچوونی ئاستی گونجان و هاوسەنگی نێوان پیشە و دامەزراوەکان (محمد، 2013، 159). گلاسێر (Glasser, W.,1965) وێرای پێناسەکردنی بەرپرسیارێتی وەك تواناییەکانی تاك لە دابینکردنی پێداویستییەکانی، بە بێ ئەوەی ببێتە هۆکاری هەمان شت بۆ خەڵکانیتر، هەستی بەرپرسیارێتی یەکسان دەبینێ وەك خۆدی دەروونذروستی (شیلینگ،1388 ،191)، واتە پێی وایە کەسێکی خاوەن هەستی بەرپرسیارێتی لە ڕووی دەروونییەوە کەسێکی تەواو و دەروونذووروستە و پێچەوانەشی ڕاستە.

توێژینەوەکان پیشاندەدەن کە لە نێوان ئاراستەکانی مرۆڤ و پاڵنەرەکانی وەدەستهێنانەوە و بیروباوەرەکانی دا، لە لایەك و پێشکەوتنی ئابووریی کۆمەلگا پەیوەندییەکی پتەو هەیە، و بەتایبەت بەهاکانی، و بەهای بەرپرسیارێتی لای ڕێبەرێکی کارگێڕی، لە کاتێکدا کە پسپۆرانی وەك پاتریسیا بێرمان (Patricia Berman) بە پێچەوانەوە دەبینن و لە ناوەڕۆکی لیستەی تایبەتمەندییەکانی سایکۆگرافی خۆیدا، کە بۆ مەبەستی پێوانی بەها و بیروباوەر و ئامانجەکان و شێوازی ژیان دانراوە، وای بۆ دەچیێ کە لە نێوان وەدەستهێنان و سەرکەوتن لە کارەکاندا، و هەروەها داهێنان پەیوەندییەکی کەم و لاواز هەیە ( Locker, 2006, 65)، بەلأم هەندیێ کەسی دیکە بە پێچەوانەی ئەوە دەبینن و براوایان وایە کە ئەزموونی مرۆڤایەتی و داب و نەریتە کەلتووری و کۆمەلأیەتییەکان نیشاندەدەن کە بابەتی مافەکانی مرۆڤ پێشکەوتنەکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە و ژیان بۆوەتە بەرزترین بەها (هیدایەت، 2008، 43).

بەرپرسیارەتی کۆمەلأیەتی لە بۆاری کارگێڕی و بەڕێوەبردندا چەمك و زاراوەیەکی نویێ یە و ئاماژە بە کۆمەلێك ڕەفتاری ڕەوشتی دەکاتن، بۆ مەبەستی سوود و بەرژەوەندی گشتی، و لە چوارچێوەی هزری ڕەفتاری ڕەوشتی، چونکە خزمەتکردن بە کۆمەلگا نەك تەنها ئەرکی حکومەتە بەلکۆ هەموو دامەزراوەکانی ئەو کۆمەلگایە بەامبەر ئەو کۆمەلگایە بەرپرسیارن (عقیلی،ب.ت.76)، تەنانەت پەروەردەکار و توێژەرانی پەروەردەیی داکۆکی لە گرنگیدان بەو بابەتە و هەوڵی گەشەکردنی هەستی بەرپرسیارەتی لای لایەنەکانی کارگێڕی دەکەن لە ڕێگەی هاندانی بەردەوامیان تیایدا (الموسوی و ئ‌ێخرون، 2002، 29)، و لەو ڕوانگەیەوە دەبینین بسپۆرانی وەك پاول مەکدۆنالد و جێفری گۆندز (P. McDonald and Jeffrey, 1992) و هاوکمان و لاولێر (Hawckman and Lawler, 1976) لەنێو ستراتێژی و ڕەهەند و تایبەتمەندییەکانی پەیوەندار بە کار و پیشەی کارگێڕی و بەهاکانی کارکردندا بە گرنگییەوە دەڕواننە ڕۆڵی بەرپرسیارێتی و وای بۆدەچن کە دەبیێ بۆ فێربوونی و هەڵگرتنی دەرفەت بدرێتە کەسانیتر تاوەکو ڕەزامەندی کار لە لایان پەیدا و دروست ببیێ (Gibson et al., 2006, 109)، و هەروەها وەك پێرس و ڕۆبینسۆن داکۆکی لە گرنگی و ڕۆڵی چەمکە بەهایی و بەهاکان لە گۆڕەپانی کارگێڕی و بەڕێوەبردندا دەکەن، و بەتایبەت بەها کەلتووری و فەرهەنگییەکان ( Pearce and Robinson, 2005, 199).

ماریس و وود(Marris and Wood, 1971) پاش ئەوەی بە گرنگییەوە دەڕواننە ئامانجەکانی پرۆسەی کارگێڕی و بەڕێوەبردن، لەوبڕوایەدان کە بە دابینکردنی ئاسایشی کار، بەشداربوان زیاتر و بە جۆش و خرۆشێکی باشتر هەوڵی بۆ بەرهەمهێنان و دەستکەوتەکانی دامەزراوەکەیان دەدەن( Webester, 2003, 22). جگە لەوە چارلۆت و بوونچ (Charlotte and Bunch) لە مۆدێلی خۆیاندا، وا پیشان دەدەن و دەسەلمێنن بەهاکانی مرۆڤ بەرهەمی شرۆڤەی هەڵوێستەکان نیە، بەلکۆ سەرچاوە ڕەسەنەکەی

بریتیە لە بیروباوەڕی مرۆڤەکان لە بۆاری چاکە و یەکسانی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی ( Kirk and Okazawa-Rey, 2004, 12)، و ئەو دادپەوەریەی کۆمەڵایەتی دەبێ ببێتە بەشێك لە سیاسەتی نەگۆڕی هەڵسوکەوتی لایەنە پەیوەندارەکانی نێو قوتابخانە و بە تایبەت مامۆستایان و سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی و لە بەرژەوەندی قوتابیان و دوور لە فشاری کارگێڕی و دەستهەڵاتدارێتی (القوصی، 1952، 224).

بە پێی پێوەری شوارتز و بلیسکی( Schwartz and Blisky,1987) کە کۆمەڵێك بەهای جیاوازی وەك ڕەزامەندی و دەستەکەوتن لە کار و خۆئاراستەکردن لە هەڵوێستە کۆمەڵایەتیەکان و ئاسایش و هێزی کۆمەڵایەتی لە خۆدەگرێ، لایەنێکی سەرەکیی سایکۆلۆژیای مرۆڤەکانە لە گشت فەرهەنگەکاندا، و بە بەردی بناغەی سیستەمی بەهایی مرۆڤایەتی دەزانرێن(Samaniege and Pascual, 2007, 13). بە واتایەکیتر وەك توێژینەوەکان پیشانیان داوە لە بواری سەرپەرشتیاریدا لایەنی پەیوەندییە مرۆڤیەکان و کارگێڕی و وەدەستهێنانی ڕەزامەندی کارمەندان لە کاتی کارکردنیاندا کاریگەری دەروونییان بەسەریان هەیە(جواد، 1979، 109).

هەروەها بسپۆران لەو بڕوایەدان کە ڕوونبوونی ئامانجەکان لای لایەنەکانی کارگێڕی و بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەیی دەبێتە مایەی ئەوەی کە بتوانێ ڕێڕەوەی کاری قوتابخانەیی بە شێوازێك دروست ئاراستە بکات لە ڕێگەی بەکارهێنانی کەرەستەی زانستی و ئاراستەکردنی کارمەندانی قوتابخانە بەشێوازێکی تەکنیکی کە بتوانن بەهۆیەوە ئەو ئامانجانە بپێکن (حامد، 1982، 34).

وەك چۆن نیچەی فەیلەسۆف بڕوای هەیە کە پێویستیمان بە کار و ڕێبەرایەتی هەیە، و ئەو پێشەوایەی بە واقعی خۆی ڕازی نەبێ، و تام و چێژ لە کارەکەی وەرنەگرێ هەوڵ بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی نادات، و دەبێ وەك بەها سەیری کار بکرێ (نیتشە، 2010، 277). ژینگەی کۆمەڵایەتی و دۆستان و پەیوەندی نێوان تاك و ئەوان و بەڕێوەچوونی هەڵسوکەوتیان بەیەکترەوە ڕۆڵێکی گرنگ دەبینن لە وەرگرتن و فێربوونی خەسڵەتی وەك توانیی ڕێبەرایەتی و پێشەوایی، و ئەنجامدانی کاری ڕێکخستن، و هەستکردن بە بەرپرسیارێتی، و ڕێککاری خۆدی (شكشك، 2005، 33).

هەندێ لە ئەنجامەکانی توێژینەوەی ئەلشیخ (2002) بۆ هەڵسەنگاندنی پرۆگرامی سەرپەرشتیاری پەروەردەیی لە وڵاتی ئۆردن بریتین لە: ئەو لایەنە پێویستی بە پێداچوونەوەیە تا لە پێشخستنی قوتابخانە دا سەرکەوتووتر بێ، و لە هەڵسەنگاندنی خۆی دا سەرکەوتوو نەبووە و ئاستەنگەکانی باش نەکردووە، و وەزارەت لەو جێبەجێکردنی دا نەیتوانیوە ئەنجامی باشی هەبێ (الخوالدە، 2007، 228)، و لە توێژینەوەی ئەلتەمیمی (1999) هەستی بەرپرسیارێتی پەیوەندی هەیە بە شوێنی کۆنترۆلکردن لای مرۆڤ (الّتروشی، 2013، 116، العكيدي، 2002، 26).

هەندێ پسپۆری پەروەردەیی باشترین شێواز بۆ خۆهەڵسەنگاندی سەرپەرشتیارانی خاوەن ویژدان لەوەدا دەبینن کە لە ئەرك و بەرپرسیارەتی خۆی تێبگاتن و کاتێك دەبینێ کەموکوڕی لە کارەکەی خۆیدا کردوویەتی هەست بە ئازار بکاتن، و سەرپەرشتیارێکی سەرکەوتوو ئەو کەسەیە بەردەوام بە کاری خۆهەڵسەنگاندن هەڵبستێ (حسين و زيدان، 1976، 192).

پسپۆرانی پەروەردەیی سەردەمیانە یەکێك لە خەڵە گرنگەکانی سەرپەرشتیارانی کارگێڕی لە سیستەمی پەروەردەیی دا جگە لە هەبوونی زانیاری و توانایی هەڵسوکەوت و کارکردن لەگەڵ کەسانی تر دا، توانایی تایبەت و کەسی و دڵنیایی کارکردن وەك پێداویستی بۆ بڕوابەخۆبوون، و هەبوونی هێز و وزە و ئێنێرژی کار، هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی و سەربەخۆیی، و پاڵدەراتی بۆ کاری سەرپەرشتیکردن دەزانن (Пономаренко, 2009, 44)، بەرزکردنی ئاستی پەیوەندییەکانیان ( Kuzmans and Harte, 1985, 31)، و لێهاتوویی و تێگەیشتنی لە ئامانجی پیشەکەی (سولاقا، 2002، 74)، و ئەو گرنگیپێدانە بەردەوامی ئەو بایەخەیە کە سەرکردایەتی سیاسی کوردستان هەر لە شۆڕشەکانی وەك ئەیلوول بە بۆاری پەروەردە و فێرکرن و بەتایبەت سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی و کارەکانیان داوە(ئیسماعیل، 2000، 25)، و لە هەمان کاتدا لە سۆنگەی ئەوەی کە سیستەمی پەروەردەیی ڕێکخستنێکی کارگێڕییە (حاجی، 2003، 31)، پەروەردەکاران لە کوردستان ڕۆڵی سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی لەپێناو سیستەمێکی پەروەردەیی هاوچەرخ (فەتاح، 2002، 98)، و نەهێشتن و کەمکردنی کێشە و ئاستەنگەکانی پرۆسەی پەروەردەیی و فێرکردن لە قوتابخانەکانی هەرێم بە گرنگ دەبینن (مەحموود، 2003، 82)، دوابەدوای ئەو خاڵانەی لەسەرەوە ئاماژەیان پێدرا، دەبێ بگۆترێ کە گرنگی ئەم توێژینەوەیە خۆی لەو خاڵانەی خۆارەوەدا دەبینن:

1_ هاوشێوەی ئەم جۆرە توێژینەوەیە بەگشتی لە کوردستان و بەتایبەتی لە دەڤەری زاخۆ نەکراوە(ئەوەندەی توێژە ئاگادار بێ)، و ئەم توێژینەوە زانستی و ئەکادیمیە دەرگایەکە بە ڕووی لایەنە پەیوەیندارەکاندا دەکرێتەوە تا ئاوڕێك لەم توێژە بدەن کە کاریگەرییە مەزنەکەی پیشەیان بەسەر پرۆسەی پەروەردەییدا لە سەرەوە باسی لێوەکرا.

2–بەڕێوەبردنی قوتابخانەکانی ناوچەکەمان تا ڕادەیەکی زۆر پشتی بە سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی و توانایی و فەلسەفەی ژیان و کارکردنیان و هەستی بەرپرسیارێتی ئەوانەوە دەبەستێ، بۆیە ئاستی زانینی ئەو لایەنانە لە لایەن خۆدی خۆیان و بەڕێوەبەرەکانی

قوتابخانەکانی ژێر سەرپەرشتی ئەوان و لایەنەکانیتری پەیوەندیدار گرنگە بۆ خۆ ناسینەوە وەك قۆناغێکی گرنگی کارکردن و سەرکەوتن لەو ئەرکەدا.

3–زانینی ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە وەك فیدباکێك هاوکارێکی باش دەبێ بۆ سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی و لایەنەکانی پەیوەندیدار بە کارگێڕی و بەڕێوەبردنی پەروەردەیی و بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی قەزای زاخۆ تا ئەوانیش زیاتر لە سروشت و کەسایەتی و ئاستی بەرپرسیارێتی و سیستەمی بەهاییان و کاری سەرپەرشتیاران تێبگەن و بە پێی پێویست هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا بکەن و زیاتر سوودیان لێوەربگرن بۆ گەیشتن بە ئامانجە پەروەردەییەکان لە ناوچە دا.

4– ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکی زانستییە بۆ تێگەیشتن لە دوو گۆڕوای گرنگی ژیانی توێژێکی گرنگی کۆمەڵگە و بواری پەروەردەیی، و زانینی پەیوەندیان بە یەکترەوە و هەروەها بەم توێژە و کاریگەری بەسەر ئاستی نواندن و بەرهەمیان، بە تایبەت کە ئەم دوو گۆڕاوە پەیوەستن بە لایەنی دەروونی، کۆمەڵایەتی، کارگێڕی، پەروەردەیی و پیشەیی ئەوانەوە.

### 3.1. ئامانجەکانی لێکۆڵینەوە:

ئامانجەکانی لێکۆڵینەوە ئەوانەی خوارەوە لە خۆ دەگرێت:

أ- ئامانجەکانی تایبەت بە هەستی بەرپرسیارەتی کۆمەڵایەتی لای سەپەرشتیارانی پەروەردەیی ناوەندی قەزای زاخۆ:

1– بە گشتی. 2– بە پێی تەمەن و ئاستی ئابووری و ساڵانی خزمەت. 3– بە پێی گۆڕاوەکانی جۆری بڕوانامە و هژماری ئەو قوتابخانانەی لە ژێر سەرپەرشتیارانی پەروەردەییدان.

ب_ ئامانجەکانی تایبەت بە بۆاری سیستەمی بەهایی لای سەپەرشتیارانی پەروەردەیی: 1–بە شێوەیەکی گشتی. 2– بە پێی گۆڕاوەکانی تەمەن و ئاستی ئابووری و ساڵانی خزمەت. 3– بە پێی جۆری بڕوانامە و هژماری ئەو قوتابخانانەی لە ژێر سەرپەرشتیاندایە.

ج– زانینی ڕیزبەندی بۆارەکان لە هەر دوو پێوەری هەستی بەرپرسیارەتی کۆمەڵایەتی و سیستەمی بەهایی لای سەرپەرشتیارانەی پەروەردەیی قەزای زاخۆ.

د– زانینی ئاستی پەیوەندی نێوان پێوەرەکانی هەستی بەرپرسیارەتی کۆمەڵایەتی و سیستەمی بەهایی.

ه – زانینی ئاستی پەیوەندی بۆارەکان بە هەر یەکە لە پێوەرەکانی هەستی بەرپرسیارەتی کۆمەڵایەتی و سیستەمی بەهایی لای سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی لە قەزای زاخۆ.

### 4.1. سنووری لێکۆڵینەوە:

لێکۆڵینەوە گشت سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی بەخۆیەوە دەگرێ کە دەکەونە نێو سنووری ناوەندی شاری زاخۆ لە هەرێمی کوردستان لە ساڵی خوێندنی(2018/2017).

### 5.1. پێناسەی چەمك و زاراوە سەرەکییەکانی لێکۆڵینەوە:

أ.**بەرپرسیارێتی**(responsibility): ڕۆیە و بایێرس بە ئامادەبوونێك لای تاك دەیناسێنن لە پێناو دانانی بنەما سەرەکییەکان، بۆ مەبەستی بەکارهێنانی وەك سەرچاوە و بەدواداچوونی سیاسەتەکانی ڕێکخستن لە دامەزراوەیەکی پەروەردەییدا (Rue and Byars,2005,177)، و پێناسەی کرداری توێژەر بۆ بەرپرسیارێتی بریتیە لە کۆمەڵێك قۆناغی کردەوەییە کە تاکەکانی نێو دامەزراوەیەك پێی هەڵدەستن بۆ مەبەستی هەڵسەنگاندنی خۆیان بەپێی هەندێ پێوەری فەرمی و لەڕێگەی کۆکردنەوەی زانیاری باش لەسەر چۆنیەتی نواندنیان لە ئێستا دا و بەراوردکردنی ئەنجامەکان لەگەڵ پێوەرەکان.

ب.**سیستەمی بەهایی** (value system):

لای مێتشیارێڤا و زینچینکۆ بریتییە لە پێکهاتەیەکی سەرەکیی کەساتی کە دەربڕین لە ئاراستەکانی مرۆڤ دەکەن (Мещеряков и Зинченко, 2007, 596)، و کلاوکهۆهن بە هەندێ گریمانەی پەیوەندار و پێکهاتوو لە بەها و ئەلەمێنتەکانی وجوودی دەیانناسێنێ ( جاسم، 2006: 23)، و پێناسەی تیۆریکی توێژەر بۆ سیستەمی بەهایی بریتیە لە کۆمەڵێك بەهای ڕیزبەندیکراو لە لای مرۆڤەوە کە کاریگەری بەسەر ڕەفتار و بڕیارەکانیەوە هەیەتی.

ج. **بها**(Value): **کۆردۆئێل**: بریتین لە بیروباوەری ئەبسترەکت لە بارەی ڕاستی یان هەڵەبوون یان گرنگی شتێك لە ژیاندا(Кордуэлл, 2003, 364)، و ڕۆکیچ: پێی وایە باوەری تاکن لەسەر شتی نوێ یان پیس یان باش و خراپ Rokeach (1979, 322)، و بە دیتنی ئێڤێستۆڤا بریتیە لە ئەو پێکهاتەیەی کە ڕەفتاری پەروەردەیی ڕێکدەخات و بەرەو ئاراستەی پەیوەندییەکانی نێوان مامۆستا و قوتابی دەیهاژۆت (Евсецова, 2008, 12)، و پێناسەی تیۆریکی توێژەر بۆ بەها بریتیە لە چەمکێکی ئەبسترەکت لە بارەی شتێك بە بەباش زانین یان نەزانینی بە پێی ئاستێکی نزم یان بڵند.

### 6.1. ئەدەبیات و ویژەی توێژینەوە و توێژینەوەکانی پێشتر:

لەو بەشە ئاماژە دراوە بە هەندێ لایەنی گرێدراو بە بوارەکانی توێژینەوەکە لە نێو ئەدەبیات و وێژە و سەرچاوەکانی پەیوەندار بە بابەتی توێژینەوە، بە شێوەی خوارەوە:

1- **چەمکی بەرپرسیارێتی و بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی:**

**پێشەکی**: دەروونناسە وجوودیەکان بڕوایان وایە کە تاک ئەرکی بەرپرسیارێتی بڕیارەکانی لەدەستخۆیەتی، و لە هەموو بەهاکانیتری دوورن و سەربەخۆن، و ناکەونە ژێر کاریگەری پێشوەختەی ئەو بەهایانە، و ئەوەش لە وتەیەکی بەناوبانگیان دەردەکەوێ کە بریتیە لە " ئازادی بەرپرسیارێتییە"، و کەس بۆی دروستی ناکات و گوشاری ناخاتە سەر ( عیسی، 1979، 59).

پسپۆران بەرپرسیارێتی بە ڕوانگەکانی دەروونی و کۆمەڵایەتی و ڕەوشتی لێکدەدەنەوە، و پێیان وایە وەك چەمکێکی سایکۆلۆژی واتای پابەندی بە مرۆڤە بە ئەو دەربڕین و ئەرکانەی ئەنجامدەریەتی بە هەموو ڕەهەند و ئەنجام و بەهاکانیەوە (ناصر، 2006، 195). بۆ ئەو بەرپرسیارێتیە مەرجە تاك خاوەن عەقڵێکی تەواو و دروست بێ، بندەست نەبێ و ئازاد بێ و بە تەواوی ئازادی خۆی پێی هەڵبستێ، و پێکدێتن لە چەند پێکهاتە و ئەلەمێنتی وەك: گرنگیپێدان و بەردەوامبوون تیایدا، تێگەیشتن لە بەها و دابونەریتە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگە، و بەشداریەکی چالاکانە و شان بەشانی تاکەکانیتر تیایدا، و پابەندی بە ئەنجامدانی ئەرکەکانی سەرشانی تاك لە کاتی کارکردندا بناغەی بەرپرسیارەتییە (الجیوسی و جاراللە،2000، 121)، و لە سوودەکانی دیکەی هەڵگرتنی ئەرکی بەرپرسیارێتی هەستکردنە بە بەجێگەیاندنی ئەمانەت بەرامبەر یەزادن و زیاترکردنی بڕوا و متمانەی خەڵك بە خۆی، و گەشەی هزری خاوێنبوون لە کارکردن، و هەستکردن بە دەستکەوت و داهێنان و بەختەوەری، و بەهێزکردنی بنیاتی وڵات و کۆمەڵگە. نیکۆلای بێردیاییێفی ڕۆسی لە میانەی باوەرەکانی فەلسەفی خۆیدا جگە لە بایەخدان بە بابەتی ئازادی و هەستی بەرپرسیارەتی و شکۆمەندی مرۆڤ، ئەو دوو لایەنە بەیەکەوە دەبەستێتەوە و بەرپرسیارێتییەکەی لە ئازادبوونیدا دەبینێ و هەموو شکۆمەندییەکەی مرۆڤیش بۆ ئەو جۆرە بەرپرسیارێتییە ئازادە دەگەڕێنیتەوە، و پێی وایە مرۆڤ لە بنەچینەدا لە پرۆسەی ئازادبوونی خۆیدا بەرپرسیارە (حۆسێن، 2107: 155).

2- **ئەرکەکانی سەرپەرشتیاری پەروەردەیی:**

سەرکەوتنی بۆاری خۆی لەوەدا دەبینێ کە دەبێ ئەو کەسانە هەندێ خەسڵەتیان هەبێ تا سەرکەوتنی دامەزراوەی خۆیان مسۆگەر بکەن، و دەبێ بەردەوام چاودێریی کارمەندان و چۆنیەتی بەڕێوەچوونی ئیش و کاریان بکەن (الدروبی، 1981، 62)، و بەتایبەت سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی بە هاوکار و هەماهەنگی لەگەڵ مامۆستایان دەتوانن لەبەکارهێنانی باشترین شێوازەکانی وانەگۆتندا یارمەتیان بدەن (هندی و ئەخرون،1999، 247). ئەنجامی توێژینەوەی مانسفیلد سەرپەرشتیاری پەروەردەیی بە بەرپرسیاری سەرەکی لە بەرزکردنی ئاستی نواندنی مامۆستایان و هەڵسەنگاندن و ڕێزگرتن لە کارەکانیان و هاوکاریکردنیان لە گەشەکردن و پێشکەوتن هەژمارەدەکاتن( Mansfiled, 1986, 270)، و بە گشتی و لە کۆتاییدا ئامانجی سەرەکی و کۆتایی سەرپەرشتیاریی پەروەردەیی گەشەسەندنی فێربوون و فێرکردنە (Bradford, et al,1972, 58).

**ب – تیۆرییەکانی بەڕێوەبردن**: بەڕێوەبردن قوتابخانەیی پشتی ب ژمارەیەك تیۆری بەڕێوەبردن دەبەستێ، وەك ئەوانەی خوارەوە:

**تیۆری ترس**: ئەو تیۆرییە ئاماژە بەوە دەدات کە ترس وروژێنەرێکی سەرەکیی کاریگەرە لەسەر خۆدی مرۆڤ و کەمتر نیە لە مردن. بە پێی ئەم تیۆرە مرۆڤ بە شێوەیەکی بایۆلۆژیکی هەوڵی خۆپاراستن دەدات لە بەرامبەر ترس، لەسەر ئاستی کەلتووری و فەرهەنگی بێ یان تاکی، لە ڕێگەی خۆهەڵسەنگاندن ئەو کارە ئەنجام دەدرێت، واتە دەتوانێ جۆرە بەڕێوەبردنێك ئەنجامبدات کە بە جەختکردن لەسەر بەها ناوخۆییەکان و گرنگی خود بەرگەی ترسە کۆشندەکان بگرێ (Fiske and Taylor, 2008, 127).

**تیۆری فێربوونی کۆمەڵایەتی ڕۆتێر** (J. Rotter, 1954): پاش دابەشکردنی مرۆڤەکان بە دوو بەشی ناوخۆیی و دەرەکی لە تێگەیشتنیان بۆ ئەگەرەکانی ڕووداو و کار و پێشهاتەکانی ژیانیان، و دەبن بە دوو گرووپ: یەکەمیان باوەریان وایە توانایەکانی خۆدی تاك کاریگەرن لەسەر ئاستی بەرهەم و ئەنجامی کارەکانی، و گرووپەکەی تر وای دەبینن کە هێزە دەرەکییەکانی وەك بارودۆخ یان شانس ئەو چەندە دەکاتن. ڕۆتێر وای بۆدەچێ کە ئەو بۆچوونانە و ڕەفتار و وەڵامەکانی مرۆڤ بۆ ژینگەی مرۆڤی و سروشتی پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە، و پەیوەندیشیان بە ئاستی هەستکردن بە بەرپرسیارێتیش هەیە بەرامبەر ڕووداوەکان (الێتروشی، 2013، 72 " العکیدی، 2002، 43 ).

**تیۆری وینێر**(Weiner, 1974): لە دوای هەڵسەنگاندنی بۆ بیردۆزەکانی ڕۆتێر و هایدێر، وینێر بیدۆزێکیتر پێشکش دەکات و تیایدا گرنگی بەوە دەداتن کە ئەو کەسانەی کە ئەگەری سەرکەوتن یان سەرنەکەوتنیان بۆ فاکتەرەکانی تر دەگەڕێننەوە،ئەگەر خاوەنی جێگەی کۆنترۆڵکردنی جۆری ناوخۆیی بن ئەو سەرکەتن و یان سەرنەکەوتنە بۆ بۆ هێز و کۆششی خۆیان دەگەڕێننەوە، ئەوە بەواتای ئەوەیە کە ئەوان جۆرێکی بەرپرسیاێتی تایبەتی ئەو چەندە لەستۆی خۆیان دەگرن، بەڵام ئەگەر خاوە کۆنترۆڵی دەرەکی بن خۆیان لەو بەرپرسیارێتییە بەدوور دەزانن و دەڵێن ئێمە لێی بەرپرسیار نین (الێتروشی، 2013، 74).

**تیۆری پالدەرایەتی–تەندروستی هێرزبێرگ:** تیایدا گرنگی بە دوو فاکتەری پەیوەندار بە چۆنییەتی کارکردن و دۆخەکەی کە بوونیان دەبێتە ئەگەری ڕەزامەندی کارمەندان لە کاری خۆیان، لە ژێر چاودێری سەرپەرەشتیار و تەکنیککاران، و پاڵدانی فەرمانبەران

تا هەنگاوێكی زیاتر بنێن بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەكانی دەزگاكەیان، و زیاتر پەیوەستن بە ئاستێ بەرپرسیارێتی تاكی، و گەشەكردنی ئەرك و بەرزبوونەوەی پلەو پایەیان، و گەشەكردنی كەسایەتی و تایبەت (فیفر و دنلاب، 2001، 199).

**تیۆری** (X) **و** (Y): لە بیروباوەڕكانی دۆگلاس مەك گریگۆرە لە بۆاری سەرپەرشتیاریی پەروەردەییدا لەسەر دوو گریمانەدانراوە:بەپێی بیردۆزی (X) مرۆڤ بە گشتی حەز و ئارەزووی كاركردنی نیە، و بەردەوام هەوڵی خۆشاردن دەداتن، و لە بەرپرسیارێتی ڕادەكاتن، بۆیە دەبێ ئاراستەبكرێت و بترسێنرێت و نەچاربكرێت تا ئارمانجەكانی ئەو سەنتەرە بەدەستبێتن، و بە پێی بیردۆزی (Y) كاركردن وەك پێداویستییەكی سروشتی مرۆڤە، و كۆنترۆلكرن و ترساندنی بۆ ئاراستەكردنی نەگونجاوە، بەلكو باشترە شێوازی پاداشتكرنێ بكاربێتن بۆ ئەو مەبەستە، چونكە كەسی ئاسایی لە دۆخی گونجاو دا خۆی حەزی هەلگرتنا بەرپرسیارێتی هەیە (Bittel,1974, 51 " گەلالەیی، 2003، 168).

**تیۆری پێداویستیەكان**: بەرهەمی بیروباوەری ئابراهام ماسلۆی، زانایێ ئەمریكیە، تیایدا داكۆكی لە گرنگی ئەو لایەنەی سایكۆلۆژیای مرۆڤ دەكاتن لە گشت كار و چالاكیەكانی، و تەنانەت لە بواری سەرپەرشتیاریدا (الحیاری، 1993،261 " فیفر و دنلاب، 2001، 198).

ئەدەبیات و تیۆرییەكانی پەیوەندار بە بەهاكان:

بەها چەمكێكە زانستە جیاوازەكانی مرۆڤایەتی گرنگی پێدەدەن و جگە لە نەبوونی یەكڕایی و هاكۆكی لەبارەی پێناسەكردنی، ناكۆكی لە بەكارهێنانیشی هەیە لە نێو تایبەتمەندییە جیاوازەكاندا، و میلتۆن رۆكیچ، گەورە پسپۆری ئەم بابەتە، وەك پێوەری ئاراستەكردنی رەفتار و ئاراستە و بەراوردكاری و هەڵسەنگاندن و راستكردنیان دەزانێ لای تاك و لای خەڵك ( ,Rokeach , 1979 160)، و پارسۆنز، كۆمەڵناسی ئەمریكی، وەك یەكێك لە ئەلەمێنتە سەرەكییەكانی كۆمەڵایەتی و كەلتووریی پاڵدەری رەفتاری تاك دەزانێ (Иванова ,2003, 4).

**پۆلینكردنی بەهاكان**: بە زۆر شێواز و لەسەر چەندین بنەما دەكرێت، وەك نموونە: لە ڕووی ناوەرۆك دابەش دەكرێنە سەر بەهای تیۆریك، ئابووری، جوانناسی، سیاسی، كۆمەلایەتی، و ئایینی، و یان لە ڕووی مەبەست: بەهای ئامانجیانە و كەرەستەیی، و لە ڕووی گشتیبوون: گشتی و تایبەت، و لە ڕووی ڕوونبوون: ئاشكرا و ڕوون، و شاراوە و نادیار، و لە ڕووی بەردەوامی: هەمیشەیی، تێپەڕ (ناصر، 2006، 88).

**ڕوانگەی فەلسەفی و كۆمەلایەتی بۆ بەهاكان**: فەلسەفەكان و كۆمەڵناسان بەجیاوازی تەماشەی بابەتی بەهاكان دەكەن.

تیۆرەكانی كۆمەڵناسی بەها وەك بابەتێك دەبینن كە لە ڕێگەی پێگەیشتنی كۆمەلایەتی و لاساییكردنەوەی نموونەكان فێردەكرێن (العكیدی، 2002، 52)، و فەیلەسۆفەكانی وەك پۆل بیرۆ و ئێدوار لۆرۆا و ئێمیل بۆترا بابەتی بەهاكان وەلادەنێن، چونكە ناكەونە ژێر یاساكانی توێژینەوەی تاقیگەهی و بابەتیانە (حمید، 2000، 39).

**بیردۆزی شیتەڵكردنەوەی دەروونی فرۆید**: وای دەبینی ٚكە بەهاكان لە میانەی هەڵسوكەوتی دایك و باوك لەگەڵ مندالّ و بەتایبەت لە سالآنی یەكەمی ژیانی دا پێكدێن و دروست دەبن، كاتێك كە پرۆسەی پێگەیاندنی كۆمەلایەتی ڕوودەدات، و مندالآن یاساكانی رەوشت و بەهاكانی خێزان وەردەگرن، و هاوكاتە لەگەڵ دروستبوونی ویژدانی و لە قۆناغە جیاوازەكانی ژیاندا و بە پێی دۆخی هەریەكەیان گۆڕینیان بەسەر دێتن (غنیم، 1985، 535).

**تیۆری تالكۆت پارسۆنز** (T. Parsons): پارسۆنز ئاماژە بە دینامیكیەتی كۆمەلایەتی دەكاتن، بەلام لە چوارچێوەی سیستەمەی بەهایی مرۆڤەكان دا (الخوالدە و العموش، 2009، 207)، و باوەری وایە هەر ڕێكخراوێكی كۆمەلایەتی پێویستە چوار ئامانجی سەرەكی بپێكێ كە بریتین لە: خۆگونجاندن لەگەڵ ژینگە و دەوروبەر، و بەدەستهێنانی ئامانجەكان، و تەواوكردن (كامڵاندنی ) پەیوەندییەكانی لە گشتێكی یەكگرتوودا، و دواتر پاراستنی ئەو دەزگا مرۆڤیە و ڕێكخستنەكەی (المؤمنی، 2008، 95)، و ئەوەش لەڕێگەی بەكارهێنانی چەمكی ڕۆڵی كۆمەلایەتی وەك پردێكی نێوان تاك و سیستەمی كۆمەلایەتیدا، كە تاك تێایدا خۆی بە ئەندامێك دەبینێ ( خەمەش، 2012 ، 156 )، و بەهاكان ئەو سیستەمەن كە كۆمەڵگە بنیاتیناون، بۆ پابەندبوونی تاكەكان و پێوانیان بە پێی هەماهەنگبوون و نەبوونی لەگەڵیاندا (كریب، 2000، 114).

**تیۆری یۆنگ**: تیۆری ڕەفتارگەرایی وەك گشت دیارەكانیتری دەروونی تەماشەی بەرپرسیارێتی دەكەن، و بە بەرهەمی یاساكانی فێربوون، واتە لاساییكردن، پشتگیری، پاداشت و سزا، كۆژاندنەوە، گشتاندن، و جیاوازكردن، و پەیوەندی نێوان وروژێنەر و وەلآم، دەزانن (الگائی، 2006، 27).

**تیۆری ئەدلێر**: كاتی مرۆڤ لە میانەی ڕووبەڕووبوونی دا لەگەڵ هەڵوێستەكانی ژیاندا شێوازی دروست و بە پشتەوانەی خۆی و هاوكاری خەڵك بەكاربێنێ، دەتوانێ بەرپرسیارێتی كۆمەلایەتی خۆی بەرامبەر ئەوان جێبەجێ بكاتن، و بەسەر كۆسپ و تەگەرەكان زاڵ ببێ، و كاتی خۆی بۆ خزمەتی ئەوان تەرخان بكات (الگائی، 2006، 28).

**تیۆری فرۆم**: لەگەڵ ئەوەی كە بە گەشبینیەوە لە بابەتی بەرپرسیارێتی دەڕوانێ و پێی وایە بە بەگەڕخستنی توانییەكانیان، و بەدەستهێنانەوەی خۆد و هاوكاری تاكەكان و كۆمەڵگە، و

هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی، دەتوانن ببن بە هۆکاری پەیوەندییەکی بەهێز و بەرهەمهێنەرانە (فرۆم،2000، 44)، و مرۆڤ تا ئەو خاڵە بەرپرسیارە کە تیایدا ئازادە لە هەڵبژارتنی رەفتارە تایبەتەکانی خۆی (فروم،2011، 201)، و بە رەخنەگرتن کە سیستەمی سەرمایداری هاوچەرخ پێی وایی ئەو سیستەمە چیتر هاندەری بەها جوانەکانی رەوشتیی وەك خۆشەویستی مرۆڤەکانیتر و دورکەوتن لە تامەزرۆیی و چاوچنۆکیەتی نیە(فروم، 1379، 46).

**تیۆری کلوکهۆهن:** مرۆڤەکان لە میانەی هەڵسوکەوتیان لەگەڵ هەڵوێستە جیاوازەکان و دۆزینەوەی چارەسەر بۆیان، بە پێی وەڵامدانەوە بۆ پێنج پرسیاری سەرەکی ئاراستە بەهاییەکانیان دیار دەبێ: کۆمەڵگە بە چ جۆرێك لە سروشتی مرۆڤ دەڕوانن: شەڕۆکە یان باش یان بێ لایەنە؟ باشترین جۆری پەیوەندی نێوان مرۆڤ و سروشت کامەیە: ملکەچی یان زاڵبوون یان گونجان و هەماهەنگی؟ باشترین و گونجاوترین دەم کامەیانە: رابردوو، ئێستا یان ئایندە؟ باشترین جۆری کەساتی: خۆی چیە، دەبێ چۆن بێ یان پەیوەستە بە کارکردنی؟ باشترین و شایستەترین جۆری پەیوەندی نێوان مرۆڤ و مرۆڤی تر: خێزانی بۆماوەیی، تاکی ڕکابەری یان هاوکاری بە گرووپە؟ (ناصر، 2006، 92).

**ج – لێکۆڵینەوەکانی پێشووتر:**

ئەوەندەی توێژەران ئاگادار بن هیچ توێژینەوەیەك کە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بەم لێکۆڵینەوەوە و هەر دوو گۆڕاوە سەرەکییەکانیەوە هەبێ، نەبووە، و ئەمە خۆی لە خۆیدا خاڵێکی بەهێزی ئەم لێکۆڵینەوەیە، هەرچەندە سوود لە هەندێ توێژینەوەی هاوشێوە وەرگیراوە بۆ مەبەستی دانانی ڕاپرسی و چارەسەریی ئاماری.

## 2. کردارەکانی پەیوەندار بە جێبەجێکاری لێکۆڵینەوە

ئەم بەشە خاڵەکانی خوارەوە بەخۆیەوە دەگرێتن:

**أ – کۆمەڵگای گشتی لێکۆڵینەوە و سەمپلەکەی:** ژمارەی سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی لە ناوەندی قەزای زاخۆ (25) کەسە و ئەوە هەموو کۆمەڵگای گشتی و سەمپڵی لێکۆڵینەوەکە پێکدێنن، چونکە وەك لە ڕاوێژی پسپۆرانی پێوان و هەڵسەنگاندنی بەشی دەروونناسی دەرکەوت، بەهۆی بچووکی کۆمەڵگای لێکۆڵینەوە باشترە هەموو و تەنانەت ئەو شەش کەسەی بۆ مەبەستی دەرخستنی نەگۆڕی بەکارهاتوون لە نێویان دابنرێن وەك سەمپڵ، واتا کۆمەڵگایەکە بە ڕێژەی (100٪) بوو بە سەمپڵ. ئەو سەمپڵە و ڕێژەکەی وەك بسپۆرێکی وەك (Uma Sekaran) دەبینێ گونجاوە (الرفاعی، 2007، 157).

**ب – ئامادە کردنی ڕاپرسی و دوروستی و نەگۆڕییەکەی:** لە بواری سایکۆمێتریدا، ڕاپرسی، وەك کۆمەڵێك برگەکەرەستەیەکی گونجاوە بۆ توێژاندنی لایەنە جیاوازەکانی پەیوەست بە مرۆڤەکان بە تایبەت پێدانی زانیاری لە زۆر بۆار و لەوانەش سیستەمی بەهاکان و کەسایەتیان ( Colman,2009 ,630). بۆ مەبەستی دروستکردنی ئەم کەرەستەیە لێکۆڵەر سوودی لە ڕاپرسی (التك،2004) بۆ زانینی هەستی بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی لای سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی وەرگرت، کە پێکهاتبوو لە (48) برگە، و لە (5) بۆار دا، و بۆ مەبەستی زانینی ڕیزبەندی سیستەمی بەهاکانی سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی پێوەری (عبدالله،2015) بەکارهێناوە کە پێکهاتبوو لە (68) برگە کە (6) بۆاری بەخۆیەگرتبوو، کە بەیەکەوە دەبنە (116) برگە، و دوای ئەوە ئەم ڕاپرسییە لە سەر چەند بسپۆرێکی بوارەکانی پەروەردەیی، سایکۆلۆژی، کارگێڕی لە زانستگەکانی زاخۆ و دهۆك و سلێمانی دابەشکران بۆ مەبەستی وەرگرتن بیروڕایان و ڕێژەی ڕەزامەندی (74٪) بوو (پاشکۆی ژمارە 1). بۆ مەبەستی دۆزینەوەی نەگۆڕی ڕاپرسیەکە، توێژەر ڕاپرسییەکانی دووجار بەسەر (6) سەرپەرشتیاری پەروەردەیی دابەشکرد و ڕێژەی نەگۆڕییەکە بە پێی هاوکێشەی پیرسۆن گەیشتە(0.65).

**ج – جێبەجێکاری لێکۆڵینەوە:** پاش وەدەستهاتنی تایبەتمەندیەکانی سایکۆمێتریك ڕاپرسیەکان بەسەر گشت سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی پەیوەندیدار بە توێژینەوە و لە بەرێوەبەرایەتی پەروەردەی قەزای زاخۆ دابەشکران، و پاش کۆکردنی ڕاپرسییەکان و نەبوونی کەموکۆڕییەك چارەسەری ئاماریان بۆ کرا بە دانی نمرەی (1 و 2 و 3) بۆ وەڵامی برگەکانی ئەرێنی و بەپێچەوانەوە (3 و 2 و 1) بۆ برگە نەرێنییەکان.

د – سوود لە فۆرموولەکانی ئاماری خوارەوە وەرگیراوە: هاوکێشەی پەیوەندیی پیرسۆن، کێش و ڕێژەی سەدی بە سیستەمی پرۆگرامی شرۆڤەکاری (SPSS ).

## 3. ئەنجام و گفتگۆکردنی لێکۆڵینەوە:

لەم بەشەدا ئەنجام و گفتگۆیی ئەنجامەکان بە پێی ئامانجەکان خراونەتە روو:

**أ–ئامانجەکانی تایبەت بە هەستی بەرپرسیارەتی کۆمەڵایەتی لای سەپەرشتیارانی پەروەردەیی ناوەندی قەزای زاخۆ:**

1–ئاستی هەستی بەرپرسیارەتی کۆمەڵایەتی لای سەپەرشتیارانی پەروەردەیی ناوەندی قەزای زاخۆ بە گشتی، و بۆ ئەم مەبەستە و پاش سودوەرگرتن لە سیستەمی ( SPSS ) و هاوکێشەی ( T test ) بۆ تەنها نموونەیەك بە شێوەی خوارەوە، و لە خشتەی ژمارە (1) دا هاتووە:

**خشتەی** (1): ( T test ) ی وەدەستهاتوو و خشتەیی بۆ نموونەی توێژینەوە بە گشتی

| ژمارەی سەمپل | ناوەندی گریمانەیی | تێکرای نمرەکان | لادانی پێوەری | بهای t | | نمرەی ئازاد | سەلماندنی ئامارەیی و بەرامانبوونی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | وەدەستهاتوو | خشتەیی | | |
| 25 | 96 | 111.08 | 8.616 | 8.751 | 1.708 | 24 | 0.05 بەرامانە |

وەك لە خشتەی سەرەوە دیارە بەهای ( T test ) دەستکەوتوو کە بریتیە لە (8.751) گەورەترە لە بەهای خشتەیی (T test) (1.708)، و ئەوەش لە ئاستی (0.05) و بە نمرەی ئازادی (24)، و لەبەرژەوەندی تێکرایی نمرەکان، واتە سەپەرشتیارانی پەروەردەیی سەمپلی توێژینەوە خاوەن هەستێکی بەرزی بەرپرسیارەتین بەرامبەر بە کار و پیشەیان.

2- زانینی ئاستی هەستی بەرپرسیارەتی کۆمەڵایەتی ئەندامانی سەمپل بە پێی گۆڕاوەکانی تەمەن و ئاستی ئابووری و ساڵانی خزمەتی سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی، و بە سوودەوەرگرتن لە بەدەستهێنای بەهای فایی لە جۆری یەك ئاراستە، و وەك لە خشتەی (2 و 3) دا هاتووە،

**خشتەی**(2): تێکرایی نمرە و لادانی پێوەری بە پێی گۆڕاوەکان

| گۆڕاوەکان | گرووپ | ژمارە | تێکرایی ناوەندی | لادانی پێوەری |
|---|---|---|---|---|
| تەمەن | 45–49 | 4 | 111.00 | 7.118 |
| | 50–54 | 6 | 104.83 | 7.223 |
| | 55–59 | 7 | 111.00 | 6.976 |
| | 60 و ... | 8 | 115.88 | 9.702 |
| | گشتی | 25 | 111.08 | 8.616 |
| ئاستی ئابووری | لاواز | 6 | 112.17 | 6.824 |
| | ناوەند | 14 | 110.21 | 9.267 |
| | باش | 5 | 112.20 | 10.109 |
| | گشتی | 25 | 111.08 | 8.616 |
| ساڵانی خزمەت | 5–19 | 8 | 109.25 | 7.265 |
| | 20–29 | 9 | 111.78 | 9.782 |
| | 30 و ... | 8 | 112.13 | 9.311 |
| | گشتی | 25 | 111.08 | 8.616 |

**خشتەی**(3): بەهای فائی ( ANOVA ) لە جۆری یەك ئاراستەیی بۆ هەستی بەرپرسیارەتی کۆمەڵایەتی ئەندامانی سەمپل بە پێی گۆڕاوەکانی تەمەن و ئاستی ئابووری و ساڵانی خزمەتی سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی

| گۆڕاوەکان | چارەسەر | کۆی چوارگۆشەکان | نمرەی ئازاد | ناوەندی چوارگۆشە | بەهای فائی | | ئاستی بەرامانبوون و نمرەی ئازاد |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | وەدەستهاتوو | خشتەیی | |
| تەمەن | لە نێوان گرووپەکان | 418.132 | 3 | 139.377 | 2.146 | 3.1 | (0.05) |
| | لە ناو گرووپەکان | 1363.708 | 21 | 64.938 | | | (3–21) |
| | گشتی | 1781.840 | 24 | | | | نیە |
| ئاستی ئابووری | لە نێوان گرووپەکان | 23.850 | 2 | 11.925 | 0.149 | 3.44 | (0.05) |
| | لە ناو گرووپەکان | 1757.990 | 22 | 79.909 | | | (2–22) |
| | گشتی | 1781.840 | 24 | | | | نیە |
| ساڵانی خزمەت | لە نێوان گرووپەکان | 39.909 | 2 | 19.955 | 0.252 | 3.44 | (0.05) |
| | لە ناو گرووپەکان | 1741.931 | 22 | 79.179 | | | (2–22) |
| | گشتی | 1781.840 | 24 | | | | نیە |

وەك لە خشتەكانی سەرەوە دیار دەبیّ بەهای ( F ) دەستهاتوو لە گشت گۆڕاوەکان (2.146) و (0.149) و (0.252) بچووکترە لە بەهای فایی (F) خشتەیی( 3.1) و (3.44)، واتە لێرەدا هەر یەکە لەو گۆڕاوانە، تەمەن و ئاستی ئابووری و سالآنی خزمەتی سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی لە قەزای زاخۆ هیچ کاریگەری بەسەر هەستی بەرپرسیارەتیان نەبووە، و توێژەر ئەوە بۆ ئەو چەندە دەگەڕێنیتەوە کە سەپەرشتیارانی پەروەردەیی بەگشتی لە رووی تەمەن و ئەزموون و ئاستی ئابووری زۆر لەیەکتری نزیکن، بۆیە ئەو فاکتەرانە وەك یەك كاریگەرییان بەسەر ئاستی هەستی بەرپرسیارەتی کۆمەلآیەتییان هەبووە و تێڕوانینییان لەبۆارەدا وەك یەکە، و وەك یەك و لە ئاستێکی بەرزی بەرپرسیارەتیدان بەرامبەر و پیشە و کاری سەرپەرشتیکردنی ئەو قوتابخانە و مامۆستایانەی لە سنووری پەروەردەی هەرێمداری زاخۆ بۆیان دەستنیشانکراون.

3− زانینی ئاستی هەستی بەرپرسیارەتی کۆمەلآیەتی ئەندامانی سەمپل بە پێی گۆڕاوەکانی جۆری بڕوانامە و هژماری ئەو قوتابخانانەی لە ژێر سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی قەزای زاخۆ، و دوای وەدەستهێنانی بەهای تایی ( T test ) لە جۆری دوو سەمپڵی سەربەخۆ، و بۆ ئەم مەبەستە و وەك چۆن لە خشتەی (4) دا هاتووە،

**خشتەی** (4): ( T test ) ی جۆری دوو سەمپڵی سەربخۆی وەدەستهاتوو و خشتەیی بۆ نموونەی توێژینەوە بە پێی جۆری بڕوانامە و هژماری ئەو قوتابخانانەی لە ژێر سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی قەزای زاخۆ بۆ هەستی بەرپرسیارەتی کۆمەلآیەتی

| گۆڕاوەکان | گرووپ | هەژمار | تێکڕایی ناوەندی | لادانی پیوەری | بەهایt وەدەستهاتوو | بەهایt خشتەیی | ئاستی بە ڕامان بوون و نمرەی ئازاد |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| جۆری بڕوانامە | دبلوم | 12 | 113.33 | 9.614 | 1.272 | 2.06 | 0.05 |
| | بکالۆریوس | 13 | 109.00 | 7.348 | | | (23) |
| | گشتی | 25 | | | | | واتادار نیە |
| ژمارەی قوتابخانەکانی ژێر سەرپەرشتی | 32−49 | 13 | 113.15 | 8.513 | 1.268 | 2.06 | 0.05 |
| | 50−78 | 12 | 108.83 | 8.505 | | | (23) |
| | گشتی | 25 | | | | | واتادار نیە |

وەك لە خشتەی سەرەوە دیار دەبیّ ( t test)ددەستهاتوو (1.272)و (1.268) بچووکترە لە بەهای خشتەیی (2.06)، واتە لێرەدا بە پێی جۆری بڕوانامە و هژماری ئەو قوتابخانانەی لە ژێر سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی قەزای زاخۆ هیڕ کاریگەری لەسەر ئاستی هەستی بەرپرسیارەتی کۆمەلآیەتی ئەوان نەبووە، و ئەوەش لە وەلآمدانەوەیان بۆ ڕاپرسی تایبەت بەو لایەنە دەردەکەویّ.

**ب_ بۆاری سیستەمی بەهایی: ئامانجەکانی تایبەت بە بۆاری سیستەمی بەهایی لای سەپەرشتیارانی پەروەردەیی دڤەرداری زاخۆ:**

1− زانینی ئاستی سیستەمی بەهایی لای سەپەرشتیارانی پەروەردەیی ناوەندی قەزای زاخۆ بە شێوەیەکی گشتی: بۆ ئەم مەبەستە و دوای دەرکردنی هەر یەکە لە ناوەندی گریمانەیی و تێکڕای نمرەکان و لادانی پێوەری بۆ سەمپڵی توێژینەوە، و بە پێی تاقیکردنەوە و فۆرمووڵی ( T test ) لە جۆری یەك سەمپڵی، وەك چۆن لە خشتەی (5) دا هاتووە:

**خشتەی ( 5 ): ( T test ) ی وەدەستهاتوو و خشتەیی بۆ نموونەی توێژینەوە بە گشتی**

| ژمارەی سەمپل | ناوەندی گریمانەیی | تێکڕای نمرەکان | لادانی پێوەری | بهای t وەدەستهاتوو | بهای t خشتەیی | نمرەی ئازاد | سەلماندنی ئامارەیی و بەرامانبوونی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 25 | 136 | 162.80 | 17.265 | 7.761 | 1.708 | 24 | 0.05 بەرامان و واتادارە |

وەك لە خشتەی سەرەوە دیارە بەهای (T test) دەستکەوتوو کە بریتیە لە (7.761) گەورەترە لە بەهای خشتەیی (T test (1.708) ، و ئەوەش لە ئاستی (0,05) و بە نمرەی ئازادی ( 24 )، و لەبەرژەوەندی تێکڕایی نمرەکان، واتە سەپەرشتیارانی پەروەردەیی سەمپلی توێژینەوە، بەگشتی خاوەن ئاستێکی بەرزن لە بەهاکانی پەیوەست بە کار و پیشەیان، کە لە ڕاپرسیدا

ئاراستەیان کراوە. ب واتایەکی دیکە سیستەمی بەهاییان بەهاکانی راپرسی پلەیەکی بەرزیان دەستخستووە.

2- بۆ زانینی ئاستی سیستەمی بەهایی ئەندامانی سەمپل بە پێی گۆڕاوەکانی تەمەن و ئاستی ئابووری و سالأنی خزمەتی سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی، و بۆ ئەمە مەبەستە و دوای بەکارهێنانی فۆرموولی بەهای فائی ( ANOVA ) لە جۆری یەك ئاراستەیی، و وەك ئەوەی لە خشتەی(6 و 7) دا هاتووە:

**خشتەی**(6): تێکرایی نمرە و لادانی پێوەری بە پێی گۆڕاوەکان

| گۆڕاوەکان | گرووپ | ژمارە | تێکرایی ناوەندی | لادانی پێوەری |
|---|---|---|---|---|
| تەمەن | 49-45 | 4 | 157.75 | 20.839 |
| | 54-50 | 6 | 158.50 | 8.408 |
| | 59-55 | 7 | 165.71 | 13.937 |
| | 60 و ... | 8 | 166.00 | 23.839 |
| | گشتی | 25 | 162.80 | 17.265 |
| ئاستی ئابووری | لاواز | 6 | 165.50 | 15.070 |
| | ناوەند | 14 | 161.43 | 16.992 |
| | باش | 5 | 163.40 | 23.416 |
| | گشتی | 25 | 162.80 | 17.265 |
| سالأنی خزمەت | 19-5 | 8 | 159.50 | 17.171 |
| | 29-20 | 9 | 166.56 | 16.964 |
| | 30 و ... | 8 | 161.88 | 19.149 |
| | گشتی | 25 | 162.80 | 17.265 |

**خشتەی**(7): بەهای فائی ( ANOVA ) لە جۆری یەك ئاراستەیی بۆ هەستی بەرپرسیارەتی کۆمەڵایەتی ئەندامانی سەمپل بە پێی گۆڕاوەکانی تەمەن و ئاستی ئابووری و سالأنی خزمەتی سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی

| **گۆڕاوەکان** | **چارەسەر** | **کۆی چوارگۆشەکان** | **نمرەی ئازاد** | **ناوەندی چوارگۆشە** | **بەهای فائی** | | **ئاستی بەرامانبوون و نمرەی ئازاد** |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | وەدەستهاتوو | خشتەیی | |
| **تەمەن** | لە نێوان گرووپەکان | 354.321 | 3 | 118.10 | 0.365 | 3.1 | (0.05) |
| | لە ناو گرووپەکان | 6799.67 | 21 | 323.79 | | | (21-3) |
| | گشتی | 7154.00 | 24 | | | | نیە |
| **ئاستی ئابووری** | لە نێوان گرووپەکان | 71.871 | 2 | 35.936 | 0.112 | 3.44 | (0.05) |
| | لە ناو گرووپەکان | 7082.12 | 22 | 321.91 | | | (22-2) |
| | گشتی | 7154.00 | 24 | | | | واتادار نیە |
| **سالأنی خزمەت** | لە نێوان گرووپەکان | 220.903 | 2 | 110.45 | 0.350 | 3.44 | (0.05) |
| | لە ناو گرووپەکان | 6933.09 | 22 | 315.14 | | | (22-2) |
| | گشتی | 7154.00 | 24 | | | | واتادار نیە |

وەك لە خشتەی سەرەوە دیار دەبێ بەهای ( F ) دەستهاتوو لە گشت گۆڕاوەکان (0.365) و (0.112) و (0.350) بچووکترە لە بەهای فایی (F) خشتەیی( 3.1) و (3.44)، واتە لێرەدا هەر یەکە لە گۆڕاوەکانی تەمەن و ئاستی ئابووری و سالأنی خزمەتی سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی لە قەزای زاخۆ هیچ کاریگەری بەسەر سیستەمی بەهاییان نەبووە، و توێژەر ئەوە بۆ ئەو چەندە دەگەڕێنیتەوە کە تارادیەکی زۆر سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی و بەگشتی یان لە رووی تەمەن و ئەزموون و ئاستی ئابووری زۆر لەیەکتر نزیکن، بۆیە ئەو فاکتەرانە وەك یەك کاریگەرییان بەسەر سیستەمی بەهاییان هەبووە و تێڕوانینییان لەبۆارەدا وەك یەکە.

3- بۆ زانینی ئاست و جیاوازی سیستەمی بەهایی نموونەی توێژینەوە بە پێی جۆری بڕوانامە و هژماری ئەو قوتابخانانەی لە ژێر سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی قەزای زاخۆ، بۆ ئەم مەبەستە و دوای وەدەستهێنانی ئەنجامەکان و بەکارهێنانی فۆرموولی ( T test ) ی جۆری دوو سەمپڵی سەربخۆی وەدەستهاتوو و خشتەیی بۆ نموونەی توێژینەوە بە پێی جۆری بڕوانامە و هژماری ئەو

قوتابخانانەی لە ژێر سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی قەزای زاخۆ بۆ لایەنی سیستەمی بەهاییان، وەک ئەوەی کە لە خشتەی (8) دا هاتووە:

**خشتەی ( 8 ):** ( T test ) ی جۆری دوو سەمپڵی سەربخۆی وەدەستهاتوو و خشتەیی بۆ نموونەی توێژینەوە بە پێی جۆری بڕوانامە و هژماری ئەو قوتابخانانەی لە ژێر سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی قەزای زاخۆ بۆ لایەنی سیستەمی بەهاییان

| گۆڕاوەکان | گرووپ | هەژمار | تێکڕایی ناوەندی | لادانی پیوەری | T test | | ئاستی بە ڕامان بوون و نمرەی ئازاد |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | وەدەستهاتوو | خشتەیی | |
| جۆری بڕوانامە | دبلوم | 12 | 167.50 | 17.265 | 1.328 | 2.06 | 0.05 |
| | بکالۆریوس | 13 | 158.46 | 16.746 | | | (23) |
| | گشتی | 25 | | | | | واتادار نیە |
| ژمارەی قوتابخانەکانی ژێر سەرپەرشتی | 32–49 | 13 | 169.46 | 19.068 | 2.155 | 2.06 | 0.05 |
| | 50–78 | 12 | 155.58 | 12.019 | | | (23) |
| | گشتی | 25 | 167.50 | 17.265 | | | واتادارە |

وەک لە خشتەی سەرەوە دیار دەبێ ( t test)دەدەستهاتوو (1.328) بچووکتر و (2.155) گەورەترە لە بەهای خشتەیی (2.06)، واتە لێرەدا بە پێی جۆری بڕوانامە هیچ کاریگەری لەسەر ئاستی سیستەمی بەهایی ئەوان نەبووە، و ئەوەش لە وەڵامدانەوەیان بۆ ڕاپرسی تایبەت بەو لایەنە دەردەکەوێ، بەڵام بە پێی هژماری ئەو قوتابخانانەی لە ژێر سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی قەزای زاخۆ جیاوازی هەیە لە نێوان سیستەمی بەهاییان، و لە بەرژەوەندی ئەوانەی دەکەونە گرووپی (32–49)، واتە ئەو سەرپەرشتیارانەی پەروەردەیی قەزای زاخۆ کە هژماری ئەو قوتابخانانەی لە ژێر سەرپەرشتیاریانە (32) تا (49) قوتابخانەیە لە سیستەمی بەهاییان ئاستێکی بەرزتریان نواندووە. توێژەر ئەوە بۆ ئەوە دەگەڕێنیتەوە کە ئەو سەرپەرشتیارانە ژمارەیەکی کەمتری قوتابخانەیان لەژێر سەرپەرشتیانە و باری کارکردنیان سووکترە و فشاری کار لەسەریان کەمترە و ئەوەش بۆوەتە هۆکاری بەرزتربوونی ئاستی ڕەزامەندییان لە کار و پیشەیان بە بەراورد لەگەڵ ئەوانەی کە ژمارەیەکی زیاتری قوتابخانەیان پێ سپێردراوە بۆ سەرقەرشتیکردنیان.

ج– زانینی ریزبەندی بۆارەکان لە هەر دوو پێوەری هەستی بەرپرسیارەتی کۆمەڵایەتی و سیستەمی بەهایی لای سەرپەرشتیارانەی پەروەردەیی قەزای زاخۆ، بۆ ئەم مەبەستە و دوای دەرکەوتنی تێکڕایی ناوەندی و لادانی پێوەری هەر دوو پێوەر لە خشتەی (9):

**خشتەی** (9): ریزبەندی بۆارەکان لە هەر دوو پێوەری پیشاندەداتن

| پێوەری هەستی بەرپرسیارەتی کۆمەڵایەتی | | | | پێوەری سیستەمی بەهایی | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| بۆار | تێکڕایی ناوەندی | لادانی پێوەری | ریزبەند | بۆار | تێکڕایی ناوەندی | لادانی پێوەری | ریزبەند |
| تایبەت | 23.36 | 1.977 | دووهەم | تیۆریک | 24.44 | 4.976 | چوارەم |
| کار و پیشە | 26.40 | 2.021 | یەکەم | ئابووری | 23.20 | 4.865 | پێنجەم |
| کارگێڕی | 22.88 | 2.713 | سێیەم | کۆمەڵایەتی | 33.92 | 3.968 | دووهەم |
| کۆمەڵایەتی | 21.32 | 3.275 | چوارەم | ئایینی | 34.00 | 2.858 | یەکەم |
| ئابووری | 17.12 | 3.004 | پێنجەم | جوانناسی | 30.44 | 4.042 | سێیەم |
| | | | | سیاسی | 16.80 | 4.518 | شەشەم |

**د–زانینی ئاستی پەیوەندی نێوان پێوەرەکانی هەستی بەرپرسیارەتی کۆمەڵایەتی و سیستەمی بەهایی**، و بۆ ئەمە مەبەستە و گەیشتن بەو ئامانجە و بەکارهێنانی هاوکێشەی پەیوەندی پیرسۆن بۆ زانینی ئاستی ئەو پەیوەندییە لە نێوان پێوەرەکانی:هەستی بەرپرسیارەتی کۆمەڵایەتی و سیستەمی بەهایی، وەک لە خشتەی (10) دا هاتووە:

**خشتەی** (10): هاوکێشەی پەیوەندی پیرسۆن لە نێوان پێوەرەکانی:هەستی بەرپرسیارەتی کۆمەڵایەتی و سیستەمی بەهایی

| پەیوەندی نێوان پێوەرەكانی: | هاوكێشەی پەیوەندی پیرسۆن | بهای t | | ئاست و نمرەی ئازاد | سەلماندنی ئامارەیی و بەرامانبوونی |
|---|---|---|---|---|---|
| | | وەدەستهاتوو | خشتەیی | | |
| هەستی بەرپرسیارەتی و سیستەمی بەهایی | 0.797 | 6.328 | 2.06 | 0.05(23) | بەرامان و واتادارە |

خشتەی سەرەوە پیشاندەداتن كە بەهای (t test) لە خشتەی (10) پەیوەست بە هاوكێشەی پەیوەندی پیرسۆن بۆ زانینی ئاستی ئەو پەیوەندییە لە نێوان پێوەرەكانی:هەستی بەرپرسیارەتی كۆمەڵایەتی و سیستەمی بەهایی كە بریتییە لە (0.797)، و ئەوە واتە پەیوەندییەكی پتەوە و راستەوخو و ئەرێنی لە نێ,ان ئەو دوو گۆڕاوە هەیە، و ئەوەش لەو بەها تائیە دەستهاتووە دەردەكەوێ كە گەورەترە لە هەمان بەهای خشتەیی لە ئاستی (0.05) ونمرەی ئازادی (23) دا.

**ئامانجی هـ:** زانینی ئاستی پەیوەندی بۆارەكان بە هەر یەكە لە پێوەرەكانی هەستی بەرپرسیارەتی كۆمەڵایەتی و سیستەمی بەهایی لای سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی لە قەزای زاخۆ، وەك لە خشتەی (11) دا هاتووە:

**خشتەی** (11): ئاستی پەیوەندی نێوان هەر یەكە لە بۆارەكان لەگەڵ تێكڕایی پێوەرەكانی هەستی بەرپرسیارەتی كۆمەڵایەتی و سیستەمی بەهایی لای سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی لە قەزای زاخۆ

| پێوەری هەستی بەرپرسیارەتی كۆمەڵایەتی | | | | پێوەری سیستەمی بەهایی | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| بۆار | تێكڕایی ناوەندی | لادانی پێوەری | ئاستی پەیوەندی بۆار بە پێوەر | بۆار | تێكڕایی ناوەندی | لادانی پێوەری | ئاستی پەیوەندی بۆار بە پێوەر |
| **تایبەت** | 24.83 | 2.229 | 0.542 | تیۆریك | 26.67 | 3.882 | 0.478 |
| **كار و پیشە** | 25.50 | 2.950 | 0.616 | ئابووری | 22.50 | 4.806 | 0.593 |
| **كارگێڕی** | 23.33 | 1.633 | 0.402 | كۆمەڵایەتی | 32.67 | 3.266 | 0.786 |
| **كۆمەڵایەتی** | 21.50 | 4.135 | 0.950 | ئایینی | 29.50 | 5.925 | 0.819 |
| **ئابووری** | 18.33 | 1.366 | 0.670 | جوانناسی | 30.00 | 5.177 | 0.821 |
| | | | | سیاسی | 16.17 | 3.920 | 0.117 |
| **گشتی** | 113.50 | 8.526 | | | 113.67 | 7.581 | |

پێداچوون بە خشتەی (11) پیشاندەداتن كە تەنها لە بۆاری سیاسییدا، برگە و بۆار پەیوەندییەكی لاوازییان لەگەڵ تێكڕای پێوەر هەیە، بەڵام بۆارەكانیتر لە هەر دوو پێوەر لە ئاستێكی گونجاوی پەیوەندیدان لەگەڵ پێوەرەكانی هەستی بەرپرسیارەتی كۆمەڵایەتی و سیستەمی بەهایی.

## 4. دەرەنجام و ڕاسپاردە و پێشنیارەكان:

أ – **دەرەنجامەكان** بریتین لە بەدیاركەوتنی ئاستێكی بەرز و ئەرێنی لای سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی ل دەڤەرداری زاخۆ، واتا هەبوونی ڕوانگەیەكی ئەرێنی و بەرپرسیارانە بەرامبەر كار و پیشەیان، و ئەمەش، هەروەها، كاریگەری ئەرێنی هەبووە لەسەر جۆری لێكتێگەشیتن و پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكانیان لەگەڵ یەكتریدا و لەگەڵ قوتابخانەكان، بە بەڕێوەبەر، كارمەندان، و بەڕێوەبەرایەتی و مامۆستاكانیانەوە، و ئەوەش بە هۆی ئەو سیستەمە بەهاییەی خاوەن ئاستێكی باشی بەهاكانی كۆمەڵایەتی، ئابووری، جوانناسی، تیۆریك، ئایینی، و سیاسییەوە، كە لایان هەیە. هەروەها ئەنجامەكان ئاماژەیەك بوون بە نەبوونی ئاستێكی واتاداری ئاماری لە نێوان ئەنجامەكان و بگۆڕە جیاوازەكانی پەیوەندار بە توێژینەوە، و بە شێوەیەكی گشتی لە هەر دوو پێوەری هەستی بەرپرسیارێتی كۆمەڵایەتی و سیستەمی بەهایی، تەنها لە یك بۆاری پێوەری سیستەمی بەهایی نەبێ، كە دەركەوت ژمارەی قوتابخانەكانی ژێر سەرپەرشتی هەر سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی كاریگەری بەسەر سیستەمی بەهاییەكەی دەكاتن.

**ب – ڕاسپاردەكان بریتین لە:**

1) زیاتركردنی سنوور و ئاستی دەستهەڵاتی سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی تاوەكو بتوانن زیاتر بەسەر ئیش و كارەكانیان دا زاڵ بن و لە چارەسەركردنی گرفتەكانی كارگێڕی دا سەركەوتووتر بن.

2) گێڕانی رۆڵێكی بەرچاوی سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی بۆ كاركردن و هاوكاری لەگەڵ بەڕێوەبەر و مامۆستایانی نوێ و كەم ئەزموون بۆ بەرزكردنی ئاستی ئەوان و گۆاستنەوەی ئەزموونی خۆیان بۆ ئەوان.

3) پاداشتكردنی زیاتری سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی بە شێوەی فەرمی و لە لایەن لایەنە پەیوەندارەكان لە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەییەكان وەك بەشێك لە پرۆسەی هاندانیان لە برەودان بە پێشڤەچوونی قوتابخانەكان.

4) کردنەوەی خولی ڕاهێنان و مەشق پێکردن و ئاراستەکردنی پیشەیی لە بۆاری کارگێڕی و ئەرك و کارە ڕابەریەتی و بەڕێوەبەرایەتییەکانیاندا، بە تایبەت ئەگەر ئەو خولانە لە ولاّتانی ئەوروپی یان ولاّتە پێشکەوتووەکانی وەك ژاپۆن یان کۆریای باشوور بێ یان بەلایەنی کەمەوە لە لایەن بسپۆرانی ئەو ولاّتانە بەڕێوە بچن.

5) کەمکردنی ژمارەی ئەو قوتابخانانەی لەژێر سەرپەرشتی یك سەرپەرشتیاری پەروەردەییدان.

6) کردنەوەی دەرگای خوێندنی بالاّ، بۆ نموونە دبلۆمی بلّند، بۆ زیاتر بەرزکردنی ئاستی زانستیان و تێرکردنی حەز و ئارەزووی بەردەوامیدان بە خوێندن بۆ ئەوانەی داواکارن، و بە تایبەت ئەوانەی توانایی مادی و جەستەیی ئەو چەندەیان هەیە.

7) برەودانی سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی بە سیستەمی بەهایی خۆیان، و پەرەپێدانی بۆ ئەوەی بگوازرێتەوە بۆ بەها پەروەردەیی و فێرکارییەکان، و بەشدارییەکی ئەکتیڤانەتر لە چالاّکییە زانستییەکانی قوتابخانانەی کە لە ژێر سەرپەرشتیاندان، و بە تایبەت ئەو چالاّکیانەی پەیوەستن بە پرۆگرامی خوێندنەوە.

8) قۆستنەوەی ئەو ئاستە بەرزەی هەستی بەرپرسیارەتی سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی لە لایەن خۆدی خۆیان و لایەنەکانی پەیوەندارەوە، بە رێگەی تەرجۆمەکردنی بۆ بەکردەوەیکردنی و سوود وەرگرتن و گۆاستنەوەی بۆ سەنتەرەکانی خوێندن ژێر سەرپەرشتیان و قوتابخانەکان، و بە تایبەت قوتابیان بۆ نەهێشتنی لاوازییەکان بە رێگەی بەرزکردنی هەستی بەرپرسیارەتی لای ئەوانیش، و زیاتر بە برشت بوون و گەڕانەوە بۆ خوێندنەوە و گرنگیدان بە خوێندن و پێشخستنی خۆیان، لە جیاتی بەفیرۆدانی کاتی خۆیان.

**ج – پێشنیارەکان بۆ توێژینەوەکانی داهاتوو بریتین لە ئەمانەی خوارەوە:**

1) ئەنجامدانی توێژینەوەی زیاتر بۆ زانینی ئاستی ڕەزامەندی و هۆشیاری بەڕێوەبردن لای سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان یان پارێزگای دهۆك بۆ زانینی تواناییان لە کاری بەڕێوەبردن بە پێی پێوەر و ستاندارده جیهانیەکان.

2) جێبەجێکردنی توێژینەوەیەکی زانستی لەسەر سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی هەرێمی کوردستان یان پارێزگای دهۆك بۆ زانینی ئەو ئاستەنگ و گرفتانەی رووبەروویان بووە لە ماوەی کارکردنیان وەك سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی دا.

3) ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی بەراوردکارانە لە نێوان سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی هەرێمی کوردستان یان یان لایەنی کەم نێو پارێزگای دهۆك بۆ زانینی ژمارەیەك تایبەتمەندی پەیوەست بە لایەنی دەروونندروستی، ئاراستەکانی زانستی و پەروەردەیی و کەلتوورییان، ئاستی خۆگۆنجاندنی کەسێتی و کۆمەلاّیەتی و پیشەیی، کە هەموویان پەیوەندییان بە ئاستی تۆاندنیانەوە هەیە و کاریگەری ڕاستەوخۆیان لەسەر هەیە.

4) ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی لەبارەی هەلّسەنگاندنی سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی هەرێمی کوردستان یان بە لایەنی کەم پارێزگای دهۆك لە لایەن مامۆستایان بە گشتی و مامۆستایان هەلّبژاردە بەتایبەتی و بەڕێوەبەر و یاریدەدەری بەڕێوەبەرەکان وهەروەها لە لایەن قوتابیەکانەوە.

5) هەلّسەنگاندنی هەستی بەرپرسیارەتی و سیستەمی بەهایی سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی دەڤەرداری زاخۆ لە رێگەی پیوەری دیکە و بەراوردکردنی لەگەلّ ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە.

6) هەلّسەنگاندنی هەستی بەرپرسیارەتی و سیستەمی بەهایی سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی دەڤەرداری زاخۆ لە روانگەی لایەنە پەیوەندارەکانی پرۆسەی پەروەردەیی، وەك بەڕێوەبەرەکان، هاریکاری بەرێوەبەرەکان، مامۆستاکان، تەنانەت قوتابیانەوە، و بەراوردکردنی لەگەلّ ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە.

## 5. ژێدەرەکان

### 1.5. بە زمانی کوردی :

ئیسماعیل، محەمەد(2000). پەروەردە و فێرکردن لەسەردەمی شۆڕشی ئەیلوولی مەزندا، گۆڤاری ئاسۆی پەروەردەیی، ژ. 2، 25–34.

جمیل، نازم دەهام و ئەوانیتر (2002). کۆمەلّەی سیستەم و ڕێنماییەکانی تایبەت بە تاقیکردنەوەکان و هەلّسەنگاندن،چاپخانەی وزارەتی پەروەردە–هەرێمی کوردستان.

حاجی، عومەر(2003). کارگێڕیی پەروەردەیی، گۆڤاری ئاسۆی پەروەردەیی، ژ. 27، 31–39.

حۆسێن، محمد تەها (2107): سایکۆلۆژیای کەسێتی: کەسێتی کورد لەبەر رۆشنایی رۆانگە جۆداکاندا، چ.1، ئەندێشە، سلێمانی.

خەمەش، مەجدەدین عومەر خەیری (2012). کۆمەلّناسی بابەت و میتۆد لەگەلّ جەختکردن لە سەر کۆمەلگای عەرەبی، و.:کۆمەلّێك وەرگێر، چ.1، رۆژهەلاّت، هەولێر:کوردستان.

سادق، پشتیوان(2017). بایکۆت لە پارێزگاکانی سلێمانی و گەرمیان کاریگەریی لەسەر دابەزینی رێّەی دەرچوون و نمرەی بەرزی قوتابیان هەبوو، گۆتار لە رۆژنامەی هەولێر، گۆشەی جڤاکی، ژمارە (2653 لە (2017/7/26)، ل. (17).

سولاقا، سەباح بۆیا (2002). سەرپەرشتیاری پەروەردەیی و هەلّەی مامۆستا، ئاسۆی پەروەردەیی، ژ. 24.

عەبدۆلا، دلّخواز تۆفیق(2004). پرۆسەی پەروەردە لە هەرێم لە دیدی مامۆستایانەوە،ئاسۆی پەروەردەیی، ژ. 41، لل. (83–85).

فرۆم، ئریك(2000). هۆنەری خۆشەویستی، و.: عۆسمان حەسەن شاکر، چ. 1، ئۆفسێتی ژیان، سلێمانی.

فەتاح، غەفوور حەمەدەمین(2002). پرۆسەی پەروەردە لە هەرێم لە دیدی مامۆستایانەوە، گۆڤاری ئاسۆی پەروەردەیی، ژ.

قەرەنی، ئەحمەد (2003): ئەزموونی گەلان لە بواری پەروەردە و فێرکردندا، بەش:1، زنجیرەی بلاوکراوەکانی گۆڤاری ئاسۆی پەروەردەیی (12)، چ.1، هەولێر:کوردستان.

گەلالەیی، ئیدریس ئیبراهیم (2003). سەرکردە و لێکۆڵینەوەی زانستی، چاپی سەردەم، سلێمانی.

محسن، نەسیرە (2007). دەروونیٚ ئارام ژینگەهەکا ئارام و ساخلەم چێدکەت، گۆڤارا سایکۆلۆژیا، ژ.9، ل. 81.

مەحموود، خالید کەریم(2003). پرۆسەی پەروەردە لە هەرێم لە دیدی مامۆستایانەوە،ئاسۆی پەروەردەیی، ژ. 78،36-87.

2.5. بە زمانی عەرەبی :

الأتروشي، عماد ابراهيم حيدر (2013). المزاج و علافته بموقع الضبط و اتخاذ القرار لدى رؤساء الأقسام في المؤسسات الحكومية في إقليم كوردستان العراق ( أطروحة دكتوراه غير منشورة ).

الأحمدي، يحيى (1999). قضايا سايكولوجية، دار الأحمدي، المنيا.

أرجايل، مايكل (1993). سايكولوجية السعادة،ترجمة: فيصل عبدالقادر يوسف، عالم المعرفة (175). الكويت.

أمين، أحمد رحيم (2004). الاشراف التربوي و تحسين التحصيل الأكاديمي للتلاميذ، مجلة آفاق التربوية، العدد(2)، 73-80.

باقر، عبدالكريم محسن و حمزة، كريم محمد (1984). علم النفس الإداري، دار التقني، بغداد.

البدري، طارق عبدالحميد(2001). تطبيقات و مفاهيم في الإشراف التربوي، ط.1، دارالفكر، عمان.

الثبيتي، محمد بن عبدالله، و العنزي ، خالد بن عويد (2014). عوامل الرضا الوظيفي لدى معلمي محافظة القريات من وجهة نظرهم، المجلة الدولية التربوية المتخصصة، المجلد(3)، العدد(6)، 100- 117.

جاسم، رفعت عبدالله(2006). التوجهات القيمية للذات و الأخر لدى طلبة الجامعة، جامعة مستنصرية، بغداد، 173 ص. (أطروحة غيرمنشورة).

جواد، السيد شوقي ناجي(1979).دراسة في العلاقات الإنسانية، مجلة البحوث الاقتصادية و الإدارية، العدد.2، السنة 7، 107-124.

جواد، قيس خزعل (1984). الإرشاد التربوي في الجامعة بالنظامين الأردني و العراقي للدكتور عبدالقادر الشيخلي، المجلة العربية لبحوث التعليم العالي، المنظمة العربية للتربية و الثقافة و العلوم، العدد(1)، 101-107، دمشق

الجيوسي، محمد أرسلان و جارالله، جميلة(2000). الإدارة: علم و تطبيق، ط.1، دار المسيرة، عمان:الأردن.

حامد، فرحان رشيد (1982). تقويم تجربة المشرف المقيم من وجهة نظر المشرفين المقيمين و المعلمين، جامعة بغداد، كلية التربية، ( رسالة ماجستير غير منشورة).

حسين، منصور و زيدان، محمد مصطفى(1976). سيكولوجية الإدار المدرسية و الإشراف الفني التربوي، مكتبة غريب، القاهرة.

حميد، سهام شيت (2000). تأريخ الفلسفة: ألى أين؟ مجلة دراسات فلسفية، العدد 2، السنة 2، 30-41.

الخطيب، أحمد و آخرون (1998). تقويم مدى فعالية برنامج الإدارة التعليا للقيادات التربوية في وزارة التربية و التعليم، سلسلة منشورات المركز الوطني لتنمية الموارد البشرية(63).

الخوالدة، عايد أحمد (2007). إدارة التجدد و الإصلاح التربوي، مشكلات الواقع و توجهات المستقبل، ط.1، دار عالم الثقافة، عمان:الأردن.

الخوالدة، محمود عبدالله و العموش، حسين علي(2009). علم النفس السياسي و الإعلامي، ط. 1، دار الحامد، عمان: الأردن.

الدروبي، سامي (1981). علم النفس و الأدب، منشورات جماعة علم النفس التكاملي، ط.2، دار المعارف، القاهرة.

الراشدان، عبدالله و جنيني، نعيم(1999). المدخل إلى التربية و التعليم، ط.2،دارالشروق،عمان.

ربيع، هادي مشعان (2008). تطوير الإدارة المدرسية، ط.1، مكتبة المجتمع العربي، عمان: الأردن.

الرفاعي، أحمد حسين (2007). مناهج البحث العلمي: تطبيقات إدارية و اقتصادية، ط.5، داروائل، عمان.

زيدان، محمد مصطفى و السلوم، حمد ابراهيم(1985). التعليم الإبتدائي بالمملكة العربية السعودية، ط.1، دار الشروق، جدة.

زيدان، أكرم (2008). سيكولوجية المال، عالم المعرفة(351). الكويت.

سالم، هبة الله الحسن، و آخرون(2012): علاقة دافعية الإنجاز بموقع الضبط و مستوى الطموح و التحصيل الدراسي لدى طلاب مؤسسات التعليم العالي بالسودان، المجلة العربية لتطوير التفوق، العدد(4)، (81-96).

سعيد، وفاء كمال (2006). الضغوط المهنية و علاقته بالتعب النفسي لدى رؤساء و مقرري الأقسام في الجامعة، (اطروحةغير منشورة).

سعيد، سعاد جبر(2008). القم العالمية و أثرها في السلوك الإنساني، ط.1، عالم الكتب و جدارا، عمان.

السيّد، فؤاد البهي (2001). الأسس النفسية للنمو،دار الفكر العربي، القاهرة.

شكشك، أنس (2005). التربية صناعة الإنسان، دار علاء للثقافة.

الشيباني، بدر ابراهيم (2000). سيكولوجية النمو:تطور النمو من الإخصاب حتى المراهقة، ط.1، مركز المخطوطات و التراث و الوثائق(65)، الكويت.

الطويل، هانا عبدالرحمن (1999). الإدارة التعليمية:مفاهيم و آفاق، ط.1، داروائل، عمان:الأردن.

عبدالله، معتز سيد (1989). الإتجاهات التعصبية، سلسة عالم المعرفة، ت. (137). الكويت.

عبدالعزيز، صالح(2006). تربية آكرى والنجاح التربوي، آفاق تربوية،(10).49-50.

عقيلي، عمر وصفي (ب.ت.). مبادىء في الادارة 1 ، جامعة العلاقات الدولية سانت كليمنتس ، الاردن.

العكيدي، رنا كمال جياد صالح (2002). موقع الضبط لدى طلبة جامعة الموصل و علاقته بالقيم و مفهوم الذات،( رسالة ماجستيرغير منشورة).

علي، سعيد إسماعيل (1995). فلسفات تربوية معاصرة، عالم المعرفة، (198)، الكويت.

عيسى، حسن أحمد (1979). الإبداع في الفن و العلم، سلسة عالم المعرفة، ت. (24). الكويت.

غنيم، سيد محمد(1985). سيكولوجية الشخصية: محدداتها، قياسها، نظرياتها، دارالنهضة العربية.

الفنيش، احمد علي و زيدان، محمد مصطفى(1979). التوجيه الفني التربوي، ط.1، الكتاب.

فروم، إيريش (2011). جوهر الإنسان، ترجمة: سلام خير بك، ط.1، دارالحوار، اللاذقية.

فوستر، كونستانس (1994). تربية الشعور بالمسؤلية عند الأطفال، ترجمة: ابراهيم، خليل كامل،ط.4، مكتبة النهضة المصرية، القاهرة.

فيفر، ايزابيل و دنلاب، جين(2001). الإشراف التربوي على المعلمين: دليل لتحسين الدراسي، ترجمة: محمد عيد ديراني، روايع مجدلاوي، الجامعة الأردنية.

فيول، كلارنس(1988). السلوك الإنساني في الإدارة التربوية، ترجمة: الح الياس و محمد خليل الحاج خليل،ط.1، الدار العربية، عمان:الأردن.

القوصي، عبدالعزيز (1952): اسس الصحة النفسية، ط.4، مكتبة النهضة العربية، القاهرة.

الطائي، بشرى عبدالحسين مجيد (2006). الأمن الاجتماعي و علاقته بالمسؤلية الاجتماعية لدى موظفي الدولة، جامعة المستنصرية، ( أطروحة غير منشورة).

كريب، ايان(2000). النظرية الاجتماعية من بارسؤنز الى هابرماس، ترجمة: محمد حسين غلوم، مجلة دراسات اجتماعية، العدد 5، السنة 2، 113-115.

لوبينز، ش. و سنايدر، ك.ر. (2013): القياس في علم النفس الايجابي: نماذج و مقاييس، ترجمة: صفاء يوسف الأعسر و آخرون، ط.1، المركز القومي للترجمة، القاهرة.

محمد، جاجان جمعة (2013). الاغتراب في الفلسفة و علم النفس، هيزل،(26)،158-166.

محمد ، محمد جاسم (2008). سيكولوجية الإدارة التعليمية و المدرسية و آفاق التطوير العام، ط. 1، الإصدار الثاني، دار الثقافة، عمان: الأردن.

محمد سعيد، أبوطالب و عبدالخالق، رشراش أنيس (2001). علم التربية العام:ميادينه و فروعة، ط.1، دارالنهضة العربية، بيروت:لبنان.

محمود، محمد عبدالله(2014). دور نمط القيادة التحويلية في تحقيق الميزة التنافسية–دراسة استطلاعية لآراء عينة من المديرين في مستشفيات القطاع الخاص في مدينة أربيل، مجلة زانكوى صلاح الدين،(58)، 65–80.

مدانات، اوجيني(1988). تربويات:الطفل ماذا نعرف عنه؟ ج.2، دارمجدلاوي، عمان.

موسى، زيمان عبدالحميد (2013). التعليم عن بُعد و أهميته في الوقت الراهن، هيزل، (26)، 127–130.

الموسوي، عبدالله حسن و آخرون(2002). ببليوغرافيا العلوم التربوية و النفسية، ط. 1، بيت الحكمة، بغداد.

المؤمني، واصل جميل حسين(2008). الإدارة المدرسية الفعّالة موضوعات إجرائية و أساسية مختارة لمديري المدارس، ط. 1، دارالحامد، عمان: الأردن.

ناصر ، ابراهيم(2006). التربية الأخلاقية ، ط.1، داروائل، عمان:الأردن.

نيتشة، فريدريك (2010). هكذا تكلم زرادشت: كتاب للكل و لا لأحد، ترجمة: فليكس فارس، ميراث الترجمة، القاهرة.

هندي، صالح و آخرون(1999). تخطيط المنهج و تطويره، ط.3، دار الفكر، عمان.

### 3.5. بەزمـانــی فــارســی:

1 شيلينط، لوئيس(1388). ديدطاههاى مشورة، ترجمة: آرين، سيده خديجة، ض.8، اطلاعات، تهران.

2 شيمل، ج. ل . (1371). روانشناسى بلوغ و تربيت جنسى كودكان و نوجوانان، ترجمة: فضل الله شاهلويى بور و بروين قائمى، ج. 3، حسام، تهران.

3 فروم، اريک (1379). بنام زندطى، ترجمة: اكبر تبريزى، ض. 4، طلشن، تهران.

4 نراقى، احسان (1354). جامعة جوانان دانشطاه ديروز امروز فردا، ض. 2، فرانكلين، تهران.

### 4.5. بە زمـانـــی رۆسـی:

Иванова Д. В. (2003): Особенности становления пост индустриальных ценностей молодого поколения россиян. Автореф. дисс. … канд. психол. наук.- Москва. –с 20.

Евсецова, Е. А. (2008):Аксиологический подход в обучении студентов истории педагогиеи, Педагогическое образование наука, но. 9, 12-15 с.

Кордуэлл М. (2003).Психология, А-Я: словарь-справачник / перев. С англ. К. С. Ткаченко.- М.: ФАИР-ПРЕСС,.-448с.

Мещеряков, Б.Г. , Зинченко, В.П. (2007). Большой психологически словарь, СПб.:Парим Еврознок.

Пономаренко, И. В. (2009). Сущность и содержание готовноси руководителей к управлению образвательным учереждением, жур. Педагогическое образвание и наука, но. 3 ,сс. 43-54.

### 6.5. بە زمـانــی ئـیـنـگـلـیـزی:

Al-Jarras, R. (1979). Towards a better understanding of management and the road to growth, the Iraqi journal of economic and administrative research, 7th, no.2, 21-38.

Bittel, Lester R. (1974): what evry supervisior should know? 3rd ed., TATA McGraw-Hill, Newdelhi.

Bradford, Evgene J., et al (1972): Elementary school evaluation: administrator's guide to accountability, Parker pub. com.,Inc., NY.

Colman, M. A. (2009). Oxford Dictionary of Psychology، 3th. Ed. Oxford university press، USA.

Fiske, S. T., Shelley E. T. (2008). Social cognition from brains to culture, McGraw hill, 1th ed., USA.

Gibson, J.L., and et al (2006). Organizations, 12th ed., McGraw-Hill/ Irwin.

Herlihy, B. and Corey, G. (2005). ACA: ethical standards casebook, 6th ed., Amrican counseling Association.

Kirk, G. and Okazawa-Rey, M. (2004). Women,s lives, multicultural perspective, 3th. Ed., McGraw Hill.

Kuzmans, F. J. and Harte, A. (1985).Teachers supervision and classroom improvement, the education digest 30-31.

Locker, K. O. (2006). Bussiness and administrative communication, 7th ed., McGraw Hill.

Krech, D., et al (1962). Individual in society:a text book at social psychology, McGraw Hill, USA.

Mansfiled, P. A. (1986). Patchwork pedagogy: a case study of supervisors' emphasis on pedagogy in post-lesson conference, journal of education for teaching, vol. 12, no. 3, 259- 271.

Neubeck, K. J. and Glesberg, D. S. (2005). Sociology, diversty, conflict and chang,McGraw Hill.

Pearce, J. A. and Robinson, R. B.(2005). Strategic management, formulation, implementation and control, 9th ed., McGraw hill, USA.

Rogers, A. (2007): Women, litracy and citizenship: a critique, review of education, no. 53: 159-181.

Rokeach M.(1979): A theory of organization and changing values,NY, free press.

Rue, L. W. and Byars L. L. (2005). Management & application, 11th ed. McGraw Hill, NY.

Samaniege, M. and Pascual, A. C. (2007). The teaching of values through television, International review of education, v. 53, no. 1, pp. 5-21.

Watras, J. (2007): was fundamental education another form of colonialism? International review of education, v. 53, no. 1, pp. 55-72.

Webester, T. J.(2003). Managerial economics theory and practice, Academic press, NY

**پاشکۆی** ( 1 ): ناوونیشانی ئەو پسپۆر و شارەزایانەی کە بۆ دەرخستنی راستی ڕاپرسی سوودیان لێوەرگیراوە:

| ناوی پسپۆر و شارەزایان | جێگەی کارکردن | پسپۆری |
|---|---|---|
| پ. د. کەریم شەریف قەرەچەتانی | زانینگەی سلێمانی/ پەروەردەی بنیات | کەسایەتی و دەروونڕوستی |
| پ. د. فاتح أبلحد فتوحی | زانینگەی دهۆك/ پەروەردەی بنیات | دەروونناسی گەشە |
| پ.ھ. د. رەنج محەمەد نوری | زانینگەی زاخۆ/ فاکۆلتیی بازرگانی/ ئابووری کار | کارگێڕی(زانینگەها نەڤرۆز) |
| پ.ھ. د.محەمەد سدیق خۆشناو | زانینگەی لبنانی–فرەنسی–هەولێر | پلاندانی پەروەردەیی |
| پ. ھ. د. مێهڤان شەریف یوسف | زانینگەی زاخۆ/ فاکۆلتیی بازرگانی/ ئابووری کار | کارگێڕی |
| م.د. ازهار علی حسین | زانینگەی زاخۆ/فاکۆلتیی پەروەردە | وانەگۆتنیٚ/ بیرکاری |
| م. د. خلود بشیر عبد الاحد | زانینگەی زاخۆ/فاکۆلتیی پەروەردە | دەروونناسی پەروەردەیی |
| م.د. ستار جبار حاجی | زانینگەی زاخۆ/فاکۆلتیی پەروەردە | وانەگۆتن/ مێژوو |
| م.جیهان حسین عمر | زانینگەی زاخۆ/فاکۆلتیی پەروەردە | کەسایەتی و تەندروستی دەروونی |
| م. زاهد سامی محمد | زانینگەی زاخۆ/ فاکۆلتیی پەروەردە | دەروونناسی گەشە(وەرار) |
| م. محمد اسماعیل سلیمان | زانینگەی زاخۆ/ فاکۆلتیی پەروەردە | وانەگۆتن/ فیزیك |
| م. ھ. ئاراس فازل عەبو زید | زانینگەی زاخۆ/ فاکۆلتیی پەروەردە/ وانەبێژ | وانەگۆتن/ مێژوو |
| م.ھ. بێوار تەها شکری | زانینگەی زاخۆ/فاکۆلتیی پەروەردە | پلاندانانی پەروەردەیی |
| م.ھ ساجدە اسماعیل عبدالله | زانینگەی زاخۆ/فاکۆلتیی پەروەردە | دەروونناسیا جڤاکی |
| م.ھ. ڤمان احمد محمد احمد | زانینگەی زاخۆ/فاکۆلتیی پەروەردە | پێوان و هەلسەنگاندنی پەروەردەیی |
| م.ھ. عبدالستار حمید محمد | زانینگەی زاخۆ/فاکۆلتیی پەروەردە | وانەگۆتن/ زمانی کوردی |

## الشعور بالمسؤولية الاجتماعية لدى مشرفين التربويين و علاقته بالنسق القيمي لديهم

**الملخص:**

تهدف الدراسه الحاليه الى معرفه مستوى و فروق ژات دلاله احصائيه بين الشعور بالمسؤليه الاجتماعيه لدى مشرفين التربويين و علاقته بالنسق القيمى لديهم فى قچاو زاخو، حسب متغيرات الدراسه لسنه الدراسيه (2017/2018). شملت عينه البحپ (25) مشرف و مشرفه تربويه. استخدم الباحپ استبيان (التك، 2004) المكون من (48) فقره لقياس الشعور بالمسؤليه الاجتماعيه، كما و استخدم استبيان (عبدالله، 2015) المكون من (68) فقره، و من أهم نتائج التى وصلت اليها الدراسه هى: وجود نوع مستوى عالى من الشعور بالمسؤليه و النسق القيمى الآيجابى لدى مشرفين التربويين،و لكن لايوجد فروق ژات دلاله احصائيه حسب غالبيه من متغيرات البحپ.

**الكلمات الدالة:** المسؤولية الاجتماعية، النسق القيمي، المشرف التربوي.

## Social Responsibility and Its Relation with Value System of Educational Supervisores

**Abstruct:**

The aim of study is to investigate the significant differences in the subject of Social responsibility and its relation with value system of educational supervisores according to the variables of age, academic diploma, economic level, years of service and years of service, and number of shools under supervision in the academic year (2017/2018). The population and the sample of the research consists of (25) educational supervisors in Zakho town. The (2) questionnaire is the main tool in the research which includes of (57) items used for this purpose. The main results of the research reveal that there is a high level of responsibility and positive value orientation among educational supervisors, also there is no statistical significant differences among them according to the most study's variables.

**Keywords:** Social responsibility, Value system, Educational supervisor.